
# رۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی سیاسەت!!

(کۆمەڵە بابەت)



برایم فەرشی(بارام)

من و پرسی سیاسەت
١٧ی خەرمانان(هەینی خوێناوی)
قاسملو لە کوێوە بۆ کوێ؟
ئاڵای یونان، ئیتالیا و کورد!؟
ئێرانی!؟ یان کوردستانی؟!
حزبی دێموکرات و کاری حزبی؟
بەرێزان لە رابەرایەتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران,
رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان حزب و رووناکبیراندا!؟
حزبی دێموکرات و هەنگاوێکی تازە؟!
فدرالیسم مودێلێکی کۆن بۆ ئێران
رۆژهەڵاتی کوردستان, خەون و خەمەکانی ناسر و مەرزیە
پەیامەکەی بەرێز عەبدوڵڵای موهتەدی
ڕابوردوو, داهاتوو, پلاتفۆم بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟
بۆ دۆستانی کۆمیتەی بانگەواز و بەشدارانی کۆبونەوەی ١٨ی ئۆکتوبری ٢٠٠٣ لە شاری ستۆکهۆڵم
پاشکۆ_______________________
پێشنیار ر بۆ پلاتفۆرمێکی سیاسیی نەتەوەیی بۆ کوردستانی ئێران
پلاتفۆرم

## من وپرسی سیاسەت



حەزم دەکرد سەکۆی شانۆ بۆ پێکەین و قاقای ئینسانەکان بەکار بێنم، حەزم دەکرد جوانیە شاراوەکان لە جەستەی ئینسان و فکر و فانتێزیدا دەرکەون و بەرەو جیهانە نەبیندراو و نەدیتراو و نەبیستراوەاکان هەڵکێشرێن، هەتا هونەر لە شادی و بەختەوەری ئینسانەکاندا مانا پەیدا بکا! حەزم دەکرد هونەر ببێتە هاوجووتی نان و هەوا، بەڵام لە سەر سەکۆی ژیان لە وڵاتی من، هونەریش یەخسێرێک بوو وەک مرۆڤ خۆی!

هێشتا هەفتەیەک لە دەستپێکردنی دەرس و مەدەرسەی من لە مەدرەسەی تاڵوار کە تازە لە نزیک پادگانی شاری بۆکان سازکرابوو، تێنەپەری بوو کە موعەلیمەکەمان ئاغای خەلیل زادە گووم بوو، پاشان دەرکەوت کە ئەو و کەسانێکی زۆرتر گیراون و رەوانەی بەندیخانەکان کراون. هەر لەو سەروبەندەدا خالیشم کە وەرزێرێکی گوندی حەمامیان بوو، بە تۆمەتی کوردایەتی گیراو لە تەویلەی پادگان تووند کرا، لە زستانی ساردی ١٣٤١ ئاوی ساردی لە ژێر دەکرا و ئیزنی ئەوەشیان پێنەدەدا کە کاکم نانی بۆ بەرێ.

پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووین لە مەدرەسەی بۆعەلی، کوتیان لە قولە(ژاندارمەری) دوو برا لە سێدارە دەدرێن. ئەو بەیانیە هەموو هاوپۆلەکانی من بەرەو قولە وەرێ کەوتین، لە تەمەنێکی وادا بینەری لە سێدارەدانی دوو برای سەقزی بووین. هەر لەو سەردەمەدا ژاندارم و "جەوانمەرد"مان دەبینی کە بۆ شەڕی(چەتە[1]) پێشمەرگە دەچوونە چیای حاجی کیمی و کەلاکیان بە ماشێن دەهێندرانەوە بۆ بۆکان. هەر لەو سەردەمەدا وێنەی کوژراوەکانی پادگانی جلدیان و دارینە لە رۆژنامەکانی حکومەتدا بڵاو دەکرانەوە. زۆرجار شاهیدی راکێشانی باوکم بووم بۆ ساواکی مەهاباد، تەنیا لەبەر ئەوەی دانووی لە گەڵ سەرانی ئیدارەکانی شاردا نەدەکوڵا. مامۆستای قورعانەکەم کە دووکانێکی بچکۆلانەی سەبیلە و دەمنە و مودنە دروست کردن و کتێب فرۆشتنی هەبوو، راپێچی ساواکی مەهاباد کرا، هەر لەبەر ئەوەی کتێبێکی کوردی بە ناوی فڕی فرێ قەل فڕی بە زمانی کوردی فرۆشتبوو.

ئەم رووداوانە و دەیان و سەدانی تر وێنەی ژیانی منالانی وڵاتێکی داگیرکراون، لە وڵاتێکی وادا نە تەنیا هونەرمەند بەڵکو هەر مرۆڤێک کە گرێدراوی کۆمەڵگاکەی بێ، بۆ گۆڕینی وەزعی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی تێکەڵاو سیاسەت دەبێ و سیاسەت دەبێتە پرسی ئەویش. ئەوەی نەوەکانی بەر لە ئێمە وەک هونەرمەند بەسەریان هاتبوو لە سەر ئێمەش تاقی کراوە.

دەرکەوتن لە وڵات و دورکەوتنەوە لە خەڵک و سەکۆی شانۆی وڵات، نووسینی باباتی سیاسی لای من کرد بە پێویستییەکی گرینگی ژیانی رۆژانە، هەرچەند حەزیشم پێ نەکردبێ. بەرهەمی ٢٠ ساڵ نووسین لەم بوارەدا دەیان بابەتی سیاسییە کە بەشێکیان بە زمانی فارسی و کوردی و ئاڵمانی بڵاو کراونەتەوە، لێرەدا تەنیا بەشێک لەو بابەتانە بڵاو دەکرێنەوە کە پێوەندیان بە یەکەوە هەیە، هێندێکیان بۆ یەکەمجار رووی دەرەوە دەبینن. هیوادارم ئەم کۆمەڵە بابەتە دوا نووسینەکانی سیاسی من بەم شێوەیە بێ.

من شانۆگێڕم، شانۆگێڕێک کە وڵات و سەکۆی شانۆی لێ داگیرکراوە،
لە وڵات و شانۆی داگیرکراویش هونەر زمانی سیاسەت پەیدا دەکات.
سیاسەتێک کە ئازادی وڵات وئینسان و هونەری لە دوا بێ، زمانێک
کە رەنگە زمانی هونەر نەبێ،هونەرێک کە رەنگە هونەری سیاسەت بێ!

٢٢ی پووشپەری ساڵی ٢٧٠٦ (١٣ی ژوئیەی ٢٠٠٦)

[1]- رژیم بە پێشمەرگەی دەکوت چەتە و بە جاشەکانی خۆشی دەکوت جەوانمەرد.

# ١٧ی خەرمانان(هەینی خوێناوی)

رۆژی ١٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧ بوو، لە هەموو شوێنی شاری تارانەوە دەستەی خۆپیشاندەران بۆ لای مەیدانی شەهیاد لە رێ دابوون، کە بەو زووانە ببووە مەیدانی ئازادی. هێشتا سەد هەنگاوێک لە مەیدانی ٢٤ی ئەسفەند دورنەکەوتبووینەوە، کە لە ناکاو مێرمنداڵێکی ١٣، ١٤ ساڵان لە تەنیشت ئێمەوە دەرباز بوو، خۆی گەیاندە ئاخوندێک کە لە رێزی پێش ئێمەوە بوو. کوڕە هەتا توانی بە هەموو هێزی خۆی یەک شەقی لە ئاخوند هەڵداو بۆی دەرباز بوو.
ئێمە کە بینەری ئەم بەزمە بووین نەمانزانی بۆچە وەشاندی و بۆچە رایکرد! بیستبووم کە لە کاری چریکیدا دەبێ گورزی خۆت بوەشێنی و دەرچی، ئایا ئەوەش لەو چەشنە بوو؟ نازانم.
ئەو رۆژە زۆربەی دروشمەکان هی چەپەکان بوو، لەم ناوەدا لایەنگرانی موجاهد خەڵک و خومەینی کۆمەڵێک بوون لە ژنان و پیاوان کە بە حاڵەتێکی توڕەوە بە لایەنگری خومەینی و بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی دروشمیان دەدا.
گەیشتینە مەیدانی ئازادی، لەوێ پاش ئاخاڤتنەکان دەبوو هەموو بڵاوی لێ بکەن و بگەرێنەوە ماڵەکانی خۆیان، بەڵام لەم بەینەدا ئاخوندێک رای کردو و بە یارمەتی چەند کەس خۆی گەیاندە سەر بانی ماشێنەکە و نەراندنی:" بەیانی سەعات ٨ مەیدانی ژالە".لە لایەن بەرێوەبەرانی خۆپیشاندانەکەوە راگەیاندرا کە پێویست بە خۆپیشاندانی دوبارە ناکات. ئاخوند و لایەنگرانی سووربوون لە سەر ئەوەی ئەم خۆپیشاندانە بەرپا بکرێ. بۆچە نازانم.
رۆژی دوایە سەرلە بەیانی گەیشتمە مەیدانی ٢٤ی ئەسفەند. تانگەکان لە بەیانی ئەو رۆژەوە لە مەیدانەکە دامەزرابوون، هەر ئەو بەیانیە حکومەتی نیزامی راگەیاندرابوو، کە زۆربەی خەڵک ئاگادار نەبوون. لە شەقامەکان تاق و لۆق خەڵک دەبیندران، رەنگە لە بەر ئەوەی رۆژی هەینی بوو.
ئەو رۆژە بریار بوو ئێمە لە کتێبفرۆشی نیل کتێب هەڵبژێرین بۆ پیشانگای کتێب لە شاری بۆکان و مەهاباد. پاش کۆتایی کار، کارتۆن لە باوەشدا چاوەروانی تاکسی بووین، هەتا بەرو مەیدانی تۆپخانە بچین، بەڵام هیچ تاکسییەک سەرەرای بەتاڵ بوونیان سواریان نەدەکردین. پیادە لە کوچە و کۆڵانەکانەوە خۆمان گەیاندە نزیک تۆپخانە، دەتکوت سەرمان لە مەیدانی شەڕ دەرهێناوە، دەنگی گولەبارنکردن دەبیسترا، لە هەموو شوێنێک پۆلیس وێستابوو. زیلی ئەرتەشی پڕ لە سەرباز شەقامەکانیان گرتبوو، یەک لە سەربازەکانی ناو ئە زیلانە ئێمەی بە نیشانە گرت، کابرای پەنا دەستی، دەستی خستە سەر شانی و پێشی پێگرت. گەیشتینە شەقامی ناسروخوسرەو لێرە سەربازێک لە خوێندا گەوزابوو. دەوروبەری تەرمەکەی پارە رژابوو، پارەیەک کە رێبوارەکان بۆ دوربوون لە دەرد و بەڵا هاویشتبوویان. گەیشتینە مەیدانی تۆپخانە کۆمەڵێک کەس وێستابوون، لە ناویاندا ژنێکی بە ساڵاچوو بە هۆی هەڵمژینی گاز، گیانی لە دەست دابوو. لە پڕێکا چاوم کەوت بە ناسیاوێک شانی خوێناوی بوو، پرسیم لە کوێ بووی؟ وتی لە دۆزەخ! پرسیم دۆزەخ کوێیە؟ وتی مەیدانی ژالە.
بە یەکەوە چووینە موسافرخانەی حەقیقەت لە شەقامی ناسرو خوسرەو. دەگێڕاوە کە چۆن لە مەیدانی ژالە حەمامی خوێن بەرپا کراوە و چۆن دۆستەکەی کوژراوە. چووینە سەر بانی موسافیرخانە، لە دورەوە مەیدانی ژالە لە ئاگردا دەسووتا، هلی کۆپتر لە ئاسمانی شوێنەکە دەخولایەوە، دەگوترا کە شا خۆی لە ناو ئەو هلی کۆپتێرەوە چاوەدێری عەمەلیاتی کردووە. نازانم ئاخوندەکەی دۆکەی مەیدانی شەهیاد، خۆی لە مەیدانی ژالە بووە یان نا؟ و هەروەها نازانم ئایا ئەو ئاخوندە پاشان بۆتە یەک لە سەرانی خاوەن شکۆ لە کۆماری ئیسلامیدا یان نا؟
دۆستێکم بوو بە ناوی حامد، ئەو دەیگێڕایەوە کە لە شاری مەشهەد لە "مەحزەری" حوجەت ولئیسلام خامنەییدا بووە و لە پای مەنبەری دانیشتووە. ئەو دەیگوت نرخی نوحە خوێندنەکانی ئاخوند خامنەیی ٥ تمەنی شاهەنشاهی بووە. هەر ئەو کات هێلکە دانەی بە یەک قران بووە. حەزرەتی حوجەت ولئیسلام لە بەرانبەر هەر نۆحەیەکدا ٥٠ هێلکەی مریشکی مسۆگر کردووە. ئێستا دەبێ چۆن بێ؟
ئەڵبەت خۆشم لە شاری تەورێز زۆرجار لە "مەحزەری" ئەم ئاخوندگەلەدا رۆژانی پێنج شەممە دادەنیشتم. لەم رۆژەدا لە زۆربەی گەرەکەکانی شاری تەورێز لە ساڵەکانی ١٣٥٠، ژنانی گەرەک خۆیان دەرازاندەوە، ئاخوندێکی خۆش جەمال و خۆش دەنگیان بانگ دەکرد بۆ نۆحە خوێندن، کە ئەوان پێیان دەگوت"سیرە". لە کاتی نۆحە خوێندندا باجیەکان دەستیان دەکرد بە گریان و زاری و پاشان هەر هەمان ئاخوند لە رێگای دەنگ و نەوای کەلامەوە، ژنگەلی دەگەراندەوە سەر دۆخی خۆیان و بۆ ئەو کارەش لە هەر"زەعیفەیەک" ٥ قرانی وەردەگرت، بێجگە لە من کە بینەر بووم. ئەوەی ئایا نرخی تەورێز و مەشهەد و تاران و قوم هێشتا ٥ بە ٥٠یە یان نا؟ نازانم!
لە زمانی کوردی دا وشەیەک بە ناوی ئاخوند نییە، لەوێندەرێ ئەگەر بەکار بێ ئەوە وەک زۆربەی وشە زانستی و سەنعەتی و تەکنیکییەکان بە قەرز وەرگیراوە. لە زمانی کوردیدا مەلا هەیە کە لە لایەنی رواڵەت و شکڵ و شەمایلەوە هەر هەمان ئاخوندە، بەو جیاوازییەوە کە عەمامە لەوێندەرێ چرمگە، واتە سپییە.
هەموو دەزانن لە کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ نە مەلا و نە ئاخوند و نە دین دەوریان لە جوڵانەوەی سیاسی دا نەبوو. جوڵانەوەی کوردستان سیاسی بوو. پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لێرەش جوڵانەوەی سیاسی- ئایینی لە پێوەندی لە گەڵ تاران و قومدا پێک هات. لە هاوینی ساڵی ١٣٥٧ لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان خۆپیشاندانێکی گەورە بەرپا کرابوو، ئەو رۆژە ئاخوندێک بە گفتی خۆی بۆ پشتیوانی لە خەلکی کورد لە قوم ڕا هاتبوو هەتا لە خۆپیشاندان‌دا بەشدار بێ. ئەم ئاخوندە نە زمانی خەڵکی دەزانی و نە دەیزانی چ دروشمێک دەگوترێتەوە. ئەو تێگەیشتبوو

که له خۆپیشاندانەکەدا نه باس له "ئەلاهوئەکبەر" هەیە و نه له "خومەینی". ئەو تەنانەت مەلا کوردەکانی له خۆپیشاندانەکەدا دەبینی که یان بێ دەنگن یان هەر هەمان درەشمی خەڵک دەڵێنەوە، جەنابی پاشان قسەی بۆ خەڵک کرد و فەرمووی:"خەلکی کورد دەبێ لەبەیک به خومەینی بێژێ"؟
کۆمەڵێک له خەڵک له پیادەرۆ وێستابوون و سەیری خۆپیشاندانەکەیان دەکرد. کابرایەکی تەمەن مام ناوەندی گووتی:" ئەمان له دەست ئەو حاجی لەک لەکانە" پاش ئەو قسەیە سەیری هەموو شوێنەکەم کرد، چاوم به هیچ لەک لەکێک نەکەوت. پرسیم مامەگیان کوا حاجی لەک لەک؟ وتی:"مەگەر نابینی، هۆوەتا! ئەوانە ئێمە بێچارە دەکەن." مەبەستی ئەو ئاخونده بوو که له نێو خەڵکەکەدا دەبیندرا.
چەند مانگی دی ٢٥هەمین ساڵوەگەری ١٦ی خەرمانان و ١٧ی خەرمانانە. هێشتا ئەو وێنانە بۆ من تازە و زیندوون، له خۆم و خەڵکی تر دەپرسم که چۆن بوو ئاخوندی ٥ تمەنی و ٥ قرانی له سەر وگوێلاکی رۆشنبیران چوونه سەرێ و وڵاتیان گرته دەست خۆیان؟ ئەمرۆ قسەکانی ئەو پیرە قسەی رۆژی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەیە. کاری ئەو رۆژەی ئەو مێرمنداڵە بۆته کاری رۆژانەی لاوانی ٢٥ ساڵەی ئەمرۆ. دۆنێ دیسان دوبارە دەبێتەوە، بەڵام له نێوان دوێنێ و ئەمرۆدا ٢٥ ساڵ جیاوازی زەمان هەیە!



بەهاری ٢٠٠٣

* ئەم بابەته سەرەتا به زمانی فارسی نووسراوە وله مێدیای فارسەکاندا بڵاوکراوتەوە و پاشان کراوەته کوردی.

## قاسملو لە کوێوە بۆ کوێ؟



هەلهەلەی ئازادی پەرەی دەستاند، نەبیستراوەکان دەبیستران و زمانە نەبڕاوەکان قسەیان دەکرد، زمان بە ئازادی دەسوڕاو و ئیتر کەس لە لەفافەدا قسەی نەدەکرد. ساواک و پۆلیسی شا توانای بڕین و بەستنی زمانە نەسرەوتووەکانیان نەمابوو.
ماوەیەک لە شەوانی شێعری ئەنستیتۆ گۆتەی تاران تێپەڕیوە. ئێستا لە هەر کۆڵان و شەقامێکەوە دەنگی شێعر و دروشم و گۆرانی دەبیسترێ. دروشمەکانی رۆژانی ١٦و١٧خەرمانان و ١٣و١٦ی خەزەڵوەر و ٢٦ی بەفرەنبار بوونەتە سرودی سەر زاری خەڵک.
بەڵێ لە شەقامەکانەوە، لە کارخانە و لە ژوورەکانی دەرسی فێرگە و زانستگاکانەوە، لە هۆدەی نەخۆشخانەکانەوە، لە چایخانە و ژووری ئیدارەکانەوە، لە ناو تاکسی و ئوتوبوس و لە هەر شوێنێکی ترەوە دەنگی ئازادی دێتە گوێ. دیوارەکان لە رێگای دروشمەکانەوە قسە دەکەن. ئازادی کەلامێک بوو کە لە هەموو شوێنێک دەبیسترا. هێز وگەرمای سەرهەڵدان سەهۆڵبەندانی دەیان ساڵەی تواندبووە، خوێن لە ناو دەماری ناو لەشی مرۆڤەکاندا وەجۆش هاتبوو، زمانەکان لە زاردا دەسووڕان. کۆبوونەوە و ئاخاڤتن لە هەموو شوێنێک بەرپا بوو، زانستگا پڕجۆشترین شوێنی تاران بوو.
ئەو شەوە دەنگۆ کەوتۆتە ناو مناڵەکانەوە،مەبەستم مناڵە کوردەکانی تارانە. ئەوان کە بە درێژایی ساڵی ١٣٥٧ هەم لە تاران و هەم لە زێدی خۆیان پڕکار بوون. بەکارترینیان لە نێوان تاران و شارەکانی کوردستاندا لە هاتوچۆدابوون بۆ ئەوە پیشانگای کتێب بەرێوە بەرن، لە خۆپیشاندان و مانگرتن بەشداری بکەن، هەواڵ و هەواڵنامەکانی تاران بگوێزنەوە بۆ کوردستان و روداوە تازەکانی کوردستان بگەێنە تاران و شوێنەکانی تری ئێران. بەڵام ئەو شەوە مقۆ مقۆیەکی تر بوو، باس لە پیشانگا و هەواڵنامە بڵاوکردنەوە نەبوو، هەواڵێکی گەرمی گەرم بوو.
هەواڵێک کە گەرمی بە دڵ و گیانی کوردەکان دەبەخشی." سبەینێ لە زانستگای سەنعەتی تاران ئاخاڤتنی کۆنترین زیندانی سیاسی بەندیخانەکانی ئێران و ئاخاڤتنی بەرپرسی حزبی دێموکراتی کوردستانە"، بۆ ئێمە، ئەم هەواڵە پڕ لە مزگێنی بوو، لە بەر ئەوەی تا ئەو رۆژە بە هۆی زاڵ بوونی دیکتاتۆری هەموو ئاواتەکانی ئێمەی کورد لە دەروونماندا پەنگی خواردبووە.
ئەوەی تا ئەو رۆژگارە ئێمە بیستبوومان و دیتبوومان"لە سێدارەدانی رابەران و پێش قەراوڵان و تێکۆشەرانی کورد بوو." ئێمە هێشتا مێرمنداڵ بووین کە پیاوە دلێرەکانی نەتەوەکەمان لە بەرانبەر چاوەکانمان وەبەر دەستڕێژی کۆماندۆکانی مەرگ دەکەوتن، لە باژێرەکەمان پەیکەری بێ گیانی ئەوان کە پڕ لە ئەوین بە خەڵک و بێزاری لە دوژمن بوو، بە پشت ماشێنەکانی ژاندارمەرییەوە هەڵدەواسراو و بۆ چاوترساندنی ئێمەمان لە شاردا دەگەراندران، ئێمە خۆمان بە چاو ئەوانەمان بینی، ئەشمان بیست کە چۆن پیاوەکانی شا وەک "وەیسی"یەکان لە کوردستان کەتوونە گیانی رۆڵەکانی کورد. دەمانبیست کە لەم وڵاتەدا روداوی وەک"دارێنە" رووی داوە، دەمانبیست کە لە کوردستانی عێراق چی بە سەر گەلەکەمان هاتووە و دەمانبیست کە بەندیخانەکانی شا پڕ لە پەیکەری گیانبەختکراوانی میللەتەکەمان بووە..
هەر لە سەردەمی منداڵیەوە ماشێنی پڕ لە کەڵاکی ژاندارم و"جەوانمەرد"ەکانمان دەبینی کە بۆگەنیان هەوای گوند و شارەکانمانی دادەگرت. ئەو کاتانە بە بیستنی هەر هەواڵێک دڵەخۆرپە دایدەگرتین.
هیوامان دەخواست بەر لە گیانبەخشین عەوڵا و سولەیمانی موعینی،شەریفزادە و مەلا ئاورە و سەدیق ئەنجیری و دەیان ئازیزی دیکەمان بینیبا، رامانموسیبان، بۆنمان پێوە کردبان، لە پای قسەکانیان دانیشتباین، بە شوێنیاندا رامانکردبا و لە گەڵ ئەوان بە قەڵافەتی بچکۆلانەمانەوە تفەنگی گەورەمان بە شاندا کردبا. بەڵام لە هەموو ئەو ساڵانەدا تەنیا شەهیدان لە بەر چاوەکانمان رێژە رۆیشتن و ئێمە تەنیا پاش مەرگ گوێمان لە دەنگیان دەبوو.
لە کتێبەکانی دەرسی ئێمەدا دەنگ و باسێک لەو پیاوانەوە نەبوو، لە زمانی دەرسوێژەکانمانەوە ئەم قسانەمان نەدەبیست، ئەوەی بە ناوی مێژوو فێری دەبووین سەرکەوتن بە سەر مرۆڤە بەرزەکانی نەتەوەکەمان بوو. ئێمە مێژووی دوژمنانی خۆمان فێردەبووین. لەم بەینەدا ئەگەر مقۆ مقۆیەکیش بووبێ، دەنگی تاک تاکەکان بووە و بەس.
بەڵام ئەمشەو کات و سەردەمێکی دیکەیە. سبەینێ هاودەمی ئەو پیاوانە دەبین کە هاودەمی قازییەکان و موعینی و شەریفزادە و ئاوارە و ئەنجیریەکان بوون.
شەو پڕ لە چاوەڕوانی تێپەڕی. دەم و ساتەکانی رۆژی دوایەمان لە یەک گرێ داو خۆمان گەیاندە هۆڵی گەورەی زانستگای سەنعەتی تاران و لە قولینجکێک نزیک تریبوونەکە چاوەروان ماینەوە.
ئەو رۆژانە قسە زۆر دەکرا. لە زانستگای تاران یەک قورعانی لە سەر دەست بەرزدەکردەوە و کافرەکانی رەوانەی دۆزەخ دەکرد و ئەوی تر کۆمەڵە بەرهەمەکانی لەنینی لە بن هەنگڵی دەردینا و هەردک لا دەکەوتنە قرم وقاڵ. یەک چەپ بوو و ئەوی تر لە چپ چەپتر، یەکی تر راست و ئەوی پەنای لە راست راستر. یەک زاری دادەپچری و هەژدە هەژدە قسەی دەکرد ئەوی دی هێدی و وردە وردە دەدوا. بەڵام حاڵ و هەوای زاڵ، تورەیی و قرم وقاڵ و هەرا وهوریا و دەمەقڕە بوو. بەشدارانی ئەم بەزمەش گشتی لاوان و مێرمنداڵان بوون، ئەگەریش بە ساڵاچوویەک دەبیندرا ئەوە ئەو کەسانە بوون کە باوکانە بە زمان چەپگەل ئاخوندی ئەدوان.
بەڵام بیسەر و هاونەفسی نەقیمەکانی وڵاتی ئێمە بوون شتێکی ترە. کات بە دوای یەکدا تێدەپەری، سەرئەنجام لە هۆڵی سادە و ساکار و بێ کورسی، دەنگێک سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشا:" ئێستا یەکێک لە رابەرانی کورد، یەکێک

لە کۆنترین زیندانیانی سیاسی ئێران بۆ ئێوە دەدوێ" هێشتا کابرا قسەکانی کۆتایی نەهاتبوو، خەڵکەکە لە یەکتریان دەپرسێ ئەوە کێ بوو؟دۆستی پەنای دەستم وەڵامی ئەو کابرا ئازەرباجانیەی دایەوە کە لە تەنیشت ئێمەوە وەستا بوو:" ئەوە دوکتور عەبدولرەحمان قاسملووە"، هەموو گوێگولاخ بوون. مامە غەنی زۆری قسە نەکرد، سڵاوی بۆ خەڵک ناردوو و داوای لە دوکتور کرد بۆ خەڵک قسە بکات. دەنگی چەپڵەرێزانی خەڵک قاسملوی کێشایە پشت میکرۆفۆن. ئەو پاش سپاس کردن لە مامە غەنی و لە خەڵکەکە قسەکانی بە ناوی حزبی دێموکراتی کوردستان دەست پێکرد،بەر لە دەستپێکردنی قسەکانی درودی بۆ شەهیدانی گەلەکەمان نارد، پاشان لە پێشەوا قازییەو گەیاندیە دێموکراسی و لە موعینی و ئاوارەوە خۆی گەیاندە ئازادی، ئەو نەوایەکی تازەی بە گوێی خەڵکەکەدا دەچرپاند. قسەکانی ئازادی، دێموکراسی و خودموختاری باسێکی دورو درێژی لێکەوتەوە.
ماوەیەک پاش ئەو رۆژە رۆژێکیان لە شەقامی سەرەکی شاری بۆکان دەنگ و هەرا کەوتە ناو خەڵک، هەرچیم دەدی رایدەکرد، پیر، لاو، ژن و منداڵ. پرسیم چی بووە بۆ رادەکەن، بۆ هەڵدێن؟ کەسێک گوتی نازانم. گوتم باشە ئەگەر نازانی بۆ رادەکەی؟ وڵامی نەدامەوە. خەڵک رایان دەکرد منیش وەشوێنیان کەوتم، بێ ئەوەی بزانم بۆ چی و بۆ کوێ رادەکەم. لە کەسێکی دیکەم پرسی برا بۆ کوێ رادەکەی؟ ولامی دامەوە بۆ مەیدانی تۆپێن؟ بۆ لەوێ چ باسە؟ گوتی، دەڵێن کەسێک هاتووە! کێ هاتووە، دی باشە ئەوە راکردنی بۆچییە، خۆ هەڵوا دەابەش ناکەن!
کاکە ئەوە چ باسە؟ لە کەسێکم پرسی کە رایدەکرد، هەر بە دەم هەڵاتنەوە وڵام دەداتەوە:" دوکتور هاتووە، دوکتور!" هاتنی دوکتور راکردنی بۆ چییە؟ تازە دوکتور بۆ دەچێتە مەیدانی فوتباڵ، کام دوکتور! ئەگەر دوکتورە ئەی بۆ ناچێتە نەخۆشخانە یان دەرمانگا، یان بێهداری؟ سەیرە مەگەر قات و قڕی دوکتورانە، ئەو خەڵکەش سەیرن.
وەبیر ساڵی ١٣٥٥ کەوتمەوە لە یەکێک لە گوندەکانی سەر سنور لە ناوچەی ئالانی سەردەشت بووین. ناوچەیەک کە لە شار زۆر دوورە و بێ بەرییە لە ئیمکاناتی پزشکی. لەو ناوچەیە هەر جارەناجارێک کەسانێک بە ناوی دوکتور خۆدەکەن بەو دێهاتەدا و لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە رایدەگەینن کە دوکتور هاتووە و پاش نوێژی شێوان لە مەیدانی دێ کۆبنەوە. خەڵک بە خڕی ژن و پیاوی پیر و کەنفت و منداڵی سەرلانکەش درژێنە ئەو مەیدانە. هەر کام مریشک و مامر و هێلکە و ماست و کەشکیان بۆ ئاغای دوکتور پێیە، چاوەروانی نۆبە و چارەی دەردەکانیان دەکەن. ئاقای دوکتور بە دەرزیلەیەک دەکات بە پێستی کەسەکاندا و دڵۆپە خوێنیان دەخاتە سەر دوو شوشە کە "لام و لامێلیان" پێدەکوت، پاشان هەر یەک و چەند حەبیان دەداتێ. ئەو کەسانە مەئموری مالاریا بوون کە بەناوی دوکتور سەردانی دێهاتیان دەکرد و کارتۆن کارتۆن حەبی گەچیان پێشکەشی خەڵک دەکرد. بەڵام خۆ بۆکان شارە و نەخۆشخانە و دەرمانگا و بێهداری و دوکتوری هەیە ئیدی ئەو راکردنە بۆچییە!
لە گەڵ خەڵک گەیشتمە مەیدانی فوتباڵ، جێگای دەرزی هەڵاویشتن نەبوو. مەیدان پڕ بوو لە حەشیمەت، لە سەر شەقام وسەر بانەکانیش خەڵک راوەستابوون. پێکەنیم دەهاتێ، ئەوە چ دوکتورێکە کە بتوانێ ئەو هەموو کەسە ببینێ و چارەی دەردیان بکات! قەڵافەتی وردیلەی خۆم پێچایەوە و خۆم کرد بەناو خەڵکەکەدا و لە نزیک تریبوونەکە هاتمە دەر، جارێکی دی چاوم پێیکەوتەوە، ئەم جارە لە جل و بەرگی کوردیدا،جامانەی لە سەر نابوو، لە پشت میکرۆفۆن وەستابوو.
بە کوردی قسەی دەکرد، وتەکانی لە دڵ دەنیشت، دوکتور حەبی گەچی پێ نەبوو، خەڵکیش مریشک و مامریان پێ نەبوو. ئەو باسی پیلانی ئاخوندەکانی دەکرد.باسی درۆ و دەغەلکاریان، باسی بەڵێنە پووچەڵەکانی ئەوانی دەکرد و خەڵکی هۆشیار دەکردەوە. باسی لە پشتگیری لە ئازادی و دێموکراسی و خۆدموختاری دەکرد. خەڵک گوێیان بۆ قسەکانی گرتبوو، ئەو سادە و ساکار دەدوا و سووربوونی لە سەر ویست و قسەکانی بەرچاو بوو، بە رێ و جێ قسەی دەکرد و وتەکانی لە جێدابوون. ئەوە یەکەمجار و دواجار بوو کە بۆ خەڵکی بۆکان قسەی دەکرد. دوکتور نوسخەکەی کە خودموختارێ بێ چاک پێچابۆوە، بە باشی بۆ خەڵکی شی کردەوە. خەڵک بانتر لە دوکتورێک سەیریان دەکرد. ئەو باسی لە هیوا و ئارەزووەکانی خەڵک دەکرد.ئەو وەک رابەرێکی سیاسی توانی سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ. ساڵانی پاشان لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان بیندرا و تێکەڵ بە خەڵک دەبوو.
بریا خەڵک ئەو دەرفەتەیان زۆرتر بۆ رەخسابا کە بە دور لە کوشتن و بڕین هاودەم و گوێبیستی قسەی رابەرەکانیان بایەن. ئەگەر خەلیفەکانی جەماران و قوم بۆمبیان بە سەری خەڵکدا نەباراندبا، خەڵک دەرفەتی وایان زۆرتر بۆ دەرەخسا. بەڵام رۆشنگەری پایە و بینای دێکتاتۆرەکان دەرمێنێ و ئەوەش لە گەڵ مەرامی شێخەکانی حاکم لە ئێران یەک ناگرێتەوە.
رۆژی ١٣ ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ هاوکارەکەم کە فەرانسەیی بوو، گوێبیستی رادۆ فەرانسە بوو، لێی پرسیم تۆ دوکتور قاسملو دەناسی؟ پرسیم بۆ دەپرسی، کوتی لە ئوتریش ترۆر کراوە. ئەو رۆژە کارم بە جێ هێشتوو خۆم گەیاندەوە ماڵ. پەیکەری لە خوێن گەوزاوی ئەو و هەواڵەکانی هەڵەبجەیان وەبیر هێنامەوە، رۆژی دوایە رۆژنامەکانی چاپی ئوتریش لاپەرەی سەرەکیان بە وێنەی کوژراوەکان پڕ کردبووە. دوو رۆژ بەر لەو رووداوە نامەی عەبدوڵا قادری ئازەرم بە دەست گەیشتبوو کە نووسیبووی لە گەڵ دوکتور سەردانت دەکەین. بەڵام هەرگیز بۆ جارێ سێهەم چاوم بە دوکتورەکەی تاران و بۆکان نەکەوتەوە.

ئاڵمانی فیدارال جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٩ یونی ١٩٩٠

*ئەم نووسراوەیە بە زمانی فارسی وبە ناوی بەهرام موکریانی نووسرا بوو، پاشان کراوتە کوردی و بۆ یەکەمجار بڵاودەکرێتەوە.

## ئاڵای یونان، ئیتالیا و کورد!؟



ماویەکی زۆر بوو چاوم بە هیچ کوردێک نەکەوتبوو، هەرکە لە ناو ئوتوبوسی شیرکەتی واحدەوە چاوم بە کابرای کەنار شەقامەکە کەوت کە هەرای چای، چای دەکرد، دابەزیم و وەشوینی کەوتم و پاش ئەوەی تێر بە کوردی قسەم لە گەڵ کرد، بەستە چایەکەم لێ کرێ، ئەو چاییەی لە بازاری تاران زۆر بە هەرزانتر دەفروشراو و ناویشی چای عێراق نەبوو.
چەند ساڵ پاش ئەو رۆژە ساڵی ١٩٧٨ لە رێگای نێوان شاری وان و ئیسکی شار باکوری کوردستان بە دزییەوە لە ناو قەتاری تاران- مونیخ چاوم بە کوردێکی باکوری کەوت، هەرچەند هەر کمان کورد بووین بەڵام هیچمان بە کوردی لە یەک نەگەیشتین.
زستانی ساڵی ١٩٨٥ میوانی خاوەن ماڵەکەم لە شاری ویسمار بووم لە ئاڵمان، هەر کە زانی کوردم، پرسی ژنرال بارزانی دەناسی؟ پاشان وێنەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی هێنا و باسی براکەی و بنەماڵەکەیانی کرد کە چۆن لە شەڕدا تێداچوون، هەموو ئەوانەشی بە نیشانەی خراپی شەڕ دەهێناوە و دەیکوت کە کورد زوڵمی زۆریان لێچووە.
ساڵانێک لەوە پێش کۆمەڵێک لە دۆستانی کۆنی هاوشاری لە قاوەخانەیەکی شاری کۆڵن یەکترمان دیتەوە، هەر کەس باسی ئەو وڵاتەی دەکرد کە تێدا دەژیا، یەک لەوانە باسی رۆژانی سەرەتای لە وڵاتی سوئێد دەگێڕاوە. ئەو باسی کەلاسی فێربوونی زمانی سوئێدی دەکرد و کوتی:" مامۆستاکەمان هاتە ناو کلاسەکە و کوتی، من ناوم ئێلیزابێتە و خەڵکی وڵاتی سوئێدم. ئەو کوتی هەرکام لە ئێمەش ئەو رستەیە دوبارەی کەینەوە و بڵێین ناومان چیە و لە کویەوە هاتووین. ئێمە چەند کورد بووین کە لە تەنیشت یەک دانیشتبووین و ئاوا خۆمان ناساند:" سیروان حەمە عەلی کورستانی عێراق، مەحمود ئایاز کوردستانی تورکیا، ناسر پیرانی کوردستانی ئێران، تارق ئەنوار کوردستانی سوریا،" لە تەنیشت ئێمەوە کوڕێکی چینی دانیشتبوو کوتی: یون یانگ کوردستانی چین. کابرای چینی ویدەزانی کوردستان بەشێکە لە رستەی خۆ ناساندن.
ئەم چیرۆکە چ نوکتە بێ چ راست، ئەم راستیە دەردەخات کە کەسی بێ کیان و بێ وڵات و بێ ناسنامە نەتەوەی شێوێندراوە، وون بووە، نائارامە. هەر نیشانەیک کە هەنگاوێک لە ناسنامەی نزیک کاتەوە هەست بە ئارامش دەکات.
رۆژی ٢٥,٠١,٢٠٠٦ لەم چەشنە رۆژانە بوو.
ئەو کەسانەی کە لە گەڵ سیاسەتی ئاڵمان ئاشنا بن دەزانن کە هەر کەسێک لە چەپ و راست دەستەڵاتی بە دەستەوە بووبێت،دژایەتی بەرژەوەندییەکانی کوردیان کردووە، لەم وڵاتەدا کوردەکان ئەو مافەیان نییە کە نەتەوەکانی تر هەیانە، کورد پاش ترکەکان دووهەمین کەمە نەتەوەن لە ئاڵمان بەڵام مافیان وەک نەتەوە ناناسرێ، هەر بۆیە هەر هەنگاوێک لە لایەنی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە بۆ ناسینی مافی کورد لە ئاڵمان و لە کوردستان لە لایان دەستەڵاتدارانەوە جێگای مشتومڕە. دور لە دەزگاکانی دەوڵەتی روبوروبوونەوە لە گەڵ کورد جیاوازە، بە هۆی ئەوەی بەشێک لە کوردەکان لە سیستمی ئیداری و دەوڵەتی شار و مەڵبەندەکان بەشدارن و لە دەرەوی ئەم دەزگایانەش کوردی چالاک هەیە،جار هەیە کاری بە جێ دەکرێ.
رۆژی ٢٥,٠١,٢٠٠٦ رۆژی جەژنی زمانەکان بوو لە شاری کۆڵن. لە عیمارەتی مێژوویی شارداری کۆڵن هەموو ئەو کەسانە بەشدار بوون کە پێوەندیان بە فێرکردنی زمانەوە هەبوو. جگە لە باسی زانستی و پێداگۆگی لە مەڕ فێربوونی چەند زمان و پەروردەی چەند زمانی، تازەترین مێتۆدەکانی فێرکردنی زمان لە لایەن ناوەندەکان و شیرکەتەکانەوە نیشان دەدرا. یەک لە وانە چەشنە کایە و گەمەیەک بوو کە منداڵانی لە گەڵ فەرهەنگ و مێژوو و وڵاتان ئاشنا دەکرد. من یەک لەوانەم بۆ کەڵک وەرگرتن لە کلاسەکانمدا کڕی بوو، بێ خەبەر لەوەی ئەمە کالایەکی نایابە و بیرەوەری دەخولقێنێ.
هاوکارەکانم کەسێکی یونانی و ئیتالیایی بوون، تەماشای ئەو گەمەیەمان دەکرد. ئیتالیاییەکە کاتێک چاوی بە کارتی ئاڵاکان کەوت،بە شوێن ئاڵای وڵاتەکەیدا گەڕا و دیتیەوە منیش لێم ورگرتوو کوتم، کاتێک ئاڵای ئیتالیا ئاوا بسورێنی دەبێتە ئاڵای کوردستان، پاشان بۆ ئاڵای یونان گەراین، بەڵام لە پڕێکا چاوم بە ئاڵایەک کەوت بە سێ رەنگی سەوز و سوور و سپییەوە کە لە ناوەراستیدا خۆرێک دەدروشایەوە، هاوکارەکەم کوتی kurdische National Flage "ئاڵای نەتەوەیی کورد".

# ئێرانی!؟ یان کوردستانی؟!

لە شاری بۆکان لە دایک بووم, شاروچکەیەک کە سەر بە شاری مەهاباد بوو, شاری مەهابادیش سەر بە ستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بوو. بە پێی قانونی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران, شوێنی لە دایک بوونی من سەر بە کوردستان نەبوو. ئێمە بە کوردی قسەمان دەکرد و خۆمان بە کورد دەزانی, بەڵام کە لە دەرەوەی شارەکەی خۆمان، کەسێک لێی پرسیبایین خەڵکی کوێین, دەبوو بڵێین خەڵکی بۆکان لە ئازەربایجانی رۆژئاوا! بە پێی ناوەکەش خەڵکی ئازەربایجان دەبێ ئازەربایجانی بێ و زمانەکەی ئازەری بێ! هەر وەک چۆن کوردستانی، دەبێ زمانەکەی کوردی بێت! لە مەدرەسە زمانی خوێندن و نووسینی ئێمە نە کوردی بوو نە ئازەری، بەڵکو فارسی بوو. هەمووی ئەوانەش لە سایە سەری ئێرانی بوونی ئێمەوە بوو!
بۆ خوێندن لە پێشدا چوومە شاری تەورێز ناوەندی ئازەربایجانی رۆژهەڵات. لە دەبیرستانی ئەمیرخیزی هەموو دەرسەکان بە زمانی تورکی دەگوترایەوە, تەنات قورئان و دەرسی ئینگلیسی بە تورکی ئازەری بوو, هیچ دەبیرێک بە فارسی قسەی نەدەکرد. لە بۆکان بە پێچەوانە هیچ دەبیرێکی کورد بە کوردی دەرسی نەدەکوتەوە و لە سەر کەلاسی دەرس دەبوو بە فارسی فەرمایشت بفەرمووین. ئەگەر کەسێک پانتۆڵی کوردی لە بەر کردبا ئاغای ,,پان ئێرانیستی کوردی بۆکانی,, بە مقەست نێفەکەکەی دەردێنا و لە جێدا دەیکردە دوولینگەی رەزاشاهی, یان بە ماشێنی سەرتاشین سەری چوار قاش دەکرد. لە مەدرەسە فێریان کردبووین کە فارسی شەکرە, کوردی یان ترکی هونەرە و یەکێک لەو دووانە گوزی خەرە.
پاشان لە تەورێزەوە گوێزرامەوە تاران, لێرە هەموو شت بە بە زمانی فارسی بوو. لە ئەنجومەنی تئاتری ئێران و شیرکەتی فیلم و نمایش کارم دەکرد و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندان و کارکونانی تئاتری ئێران وکارگای هونەری ئێران بووم. شەوێک لە کۆبوونەوەیەکدا باس هاتە پێش و وشەی ,,مەحوەر,, لە زاری من دەرپەڕی وەرگێر و شانۆگێڕی فارس ئەحمەد.... پرسی چی گفتی؟ منیش دیسان کوتم ,,مەحوەر,, گەڕاوە و کوتی مێحوەر درستە! لەو رۆژەوە سرنجم دا فارسی قسەکردنی خۆم و هاوولاتیە کوردەکانم, بۆم دەرکەوت هەموو ئێمەی کورد,, کەسرەی,, فارسی بە ,,فەتحە,, دەڵێن و زۆر لە تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی لە گوتندا دەگوێزینەوە بۆ ناو زمانی فارسی هەر بۆیە فارسی بە ژێر لەهجەی کوردی قسە دەکەین. بە ناسینی جیاوازی دوو زمانەکە لە گوتندا خۆم وا راهێنا بە قەولی فارسەکان بێ لەهجە زمانەکەیان قسە بکەم. ساڵانێک پێشتر واتە ساڵی ١٣٥١ لە نەخۆشخانەی سینا کە بە قەسابخانی سینا ناوبانگی دەرکردبوو، هەمان چیرۆک لە من رووی دابوو. هاووەتاخی دەیان لاق و دەست شکاو و فەلەجی زگماکی بووم, هاوتەختی دەستە راستم کابرایێکی تارانی خالیس بوو, کراسەکەی ئاوەژوو لە بەرکردبوو, پێم کوت: ,,پیراهەنەتۆ عەوەزی پوشیدی,, گەڕاوە و کوتی: عەوەزی چیە؟ بگو پوشت و روو پوشیدی!
یەکەمجار لەو نەخۆشخانەی سینایە لێم حاڵی بوو کە ئێمە لە وان جیاوازین, بەڵام ئەگەر ئێمە لە وان جیاوازین، دەی باشە ئێمە چین؟ کێین؟ کە گەرامەوە بۆکان گەڕام بە شوێن خۆمدا, ویستم شارەکەم بۆکان بناسم, جگە لە کتێبێک کە ئاغای (پان ئێرانیستی کوردی بۆکانی) پێیدام، چم دەست نەکەوت, ئەو کتێبەش جگە لە باسێک لە سەر قەڵای سەردار و مەنگوڕەکان شتێکی تری تێدا نەبوو. لە مەدرەسە تاریخ و جوغرافیای ئێران فێر ببووم کە فڕی بە سەر کوردستانەوە نەبوو. لە سەر کورد ئەوەی هەبوو جنێو و بێ حورمەتی بوو. کتێبێکی رەشیدی یاسەمی کە ئێمەی وەک پاژگەڵی فارسەکان دابووە قەڵم و کتێبێکی دی بە قەلەمی ئەحمەدی شەریفی کە سمایل ئاغای شکاک(سمکۆ)ی وەک یاغی و پیاوکوژ باس کردبوو خوێندەوە. خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بۆ ئەوە نەدەبو مرۆڤ خۆی بە کورد بزانێ. کتێب بە کوردی نەبوو. چووم لە ماموستای قورعانەکەم مەلا موحەمەدی موئەزن داوای کتێبی کوردیم کرد, بە دزییەوە چەند کتێبی کوردی بە قەرز دامێ, بەڵام ئەویش کەوتە داوی ساواک و دوای جەزرەبەدان هەرەشەی لێکرا, کتێبی کوردی نەفرۆشێ. لەو نمایشانەدا کە بە بۆنەی چواری ئابان و ٩ئابان و شەشی بەهمەن لە سینەما سەعدی بۆکان پێشکەش دەکران ,کورد وەک مەرزادارانی غەیور نیشان دەدرا! ئەوەش جێگای شانازی پێکردن نەبوو. لەماڵەوەش جگە لە کتێبی گلوستان و بوستانی سەعدی و قورئان و هێندێک شریتی بەیت و حەیرانی کوردی هیچی دی بەرچاو نەدەکەوت.
من و هاوتەمەنەکانم لە سیستەمێکی وادا گەورە بووین. ئێمە لە سیستمی ئێرانیدا وا بارهاتبووین کە لە ئێرانیەکانی دی ئێرانی تر بین. کەسانێکی وەک من لە شانۆ و سینەمادا وا خۆمان رێک خستبوو کە فارسەکانیش وەک ئێمە فارس نەبوون. من کە لە تەورێزیش دەرسم خوێندبوو, بۆ ئازەری قسە کردن و دیکلەمەی شیعرەکانی حەیدەربابای شەهەریار و شاعیرانی ئازەری لە وانم لە پێش دابوو. بەڵام ئێمە لە گەڵ فەرهەنگ و زمان و هونەری خۆمان بێگانە بووین و گەلێک لە ئێمە گاڵتەمان بە فەرهەنگ و هونەر و زمانەکەمان دەهات. ئێمە وابووین, کەسانی پێش ئێمەش وابوون و ئێستاش هەر وایە.
١٩ ساڵ لە تەمەنم تێپەڕی بوو کاتێک ساڵی ١٣٥٦ کتێبێکی قانع و شێعرە بەرزەکەی مەلا ئاوارەم بە ناوی تووتنەوان وە دەست کەوت, لە گەڵ دۆستێک بە شێوەی کاسێت بڵاومان کردەوە, واشمان زمان سووڕاندبوو کە بیسەر وا تێبگات کە جەنابمان وێژەرانی کاسێتەکە, رۆژهەڵاتی نین و باشورین.
ئەوە تەنیا چیرۆکی من نییە. بەسەرهاتی هاووڵاتیانی باکوری کوردستان لەوەش تاڵترە. پاییزی ساڵی ١٣٥٧ لە رێگای وان ئەستانبوڵ, لە قەتاردا لە گەڵ هاووڵاتییەکی باکوری ئاشنا بووم, بە زمانی کوردی لە یەک تێنەدەگەیشتین, بە تورکی قسەمان لە گەڵ یەک دەگۆڕییەوە.

چه‌ند شه‌و له‌وه پێش هاوکارێکم که ماموستای مه‌درەسه‌یه له ئاڵمان ده‌یگێڕاوه: ئێمه ٧برا بووین دایک و بابم له ترسی ترکان و له به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌یانویست ئێمه ببینه دوکتور و موهه‌ندیس و موعه‌لیم له ماڵێ له گه‌ڵ ئێمه به ترکی قسه‌یان ده‌کرد. ئێستا ئه‌و شه‌ش برایه‌م هه‌موو دوکتور و موهه‌ندیس و کاربه‌ده‌ستی حکومه‌تن. یه‌ک وشه‌ی کوردی به ده‌میان دا نایات و له ترکه‌کان ترک ترن. له باشوریش له ژێر چیغ و چادری ده‌سته‌ڵاتی کورد خۆیدا, مرۆڤی کورد له سیستمی عێراقی, عه‌ره‌بی دا بارده‌هێنن! مێدیای کوردستانی ئازادیش یان درێژه‌ی مێدیای عێراقه یان کۆپی مێدیای ئێرانی و تورکِییه!
هه‌ر له تاران و ئاناکاراو و به‌غدا و دیمشقه‌وه هه‌تا واشینگتۆن, برلین, له‌نده‌ن, مۆسکۆ و باقی شوێنه‌کانی جیهان, سه‌دان و هه‌زاران پسپۆڕی پایه به‌رزی زانست و هونه‌رو سیاسه‌تمان هه‌یه که وه‌ک تورک و فارس و عه‌ره‌ب له که‌وڵی کوردیدا ده‌ژین و ده‌فکرن و بێگانه‌ن له گه‌ڵ مێژوو و فه‌رهه‌نگ و زمانی کوردی. ئه‌وانه‌ش به‌رهه‌می هه‌مان سیستمه که مرۆڤی کورد له خۆی ده‌کاته نامۆ! ئه‌وانه‌ش له‌و سیستمانه‌دا په‌روه‌رده بوون و پاشان تێکه‌ڵ سیستمی رۆژئاوا بوون.
به‌رهه‌می فکری و هونه‌ری و زانستی ئه‌م پایه به‌رزانه ره‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌و سیستمانه‌یه. هیچکام له ئێمه‌ش ره‌سمیه‌تی کوردی و کوردستانیمان نییه. من که له ئێران, ئێرانی بووم و خه‌ڵکی ئازه‌ربایجان, لێره به ره‌سمی ئاڵمانیم و به پێی قه‌راردادی نێوان ئێران و ئاڵمان دوو میللیه‌تیم و به ئاڵمانی ئێرانی ده‌ناسرێم. ئه‌گه‌ر رۆژێک له ته‌سادوفێکی دیکه‌دا، که‌لاکه‌که‌م بدۆزرێته‌وه له‌و کاغه‌زانه‌ی که به ناوی پاسپۆرت و ناسنامه له گیرفانه‌کانمدا، ده‌یدۆزنه‌وه بۆ که‌س ده‌رناکه‌وێ که من کوردم و له کوردستان له دایک بووم. لێره‌ش هه‌ر وه‌ک بۆکان بۆخۆم پێم وایه کوردم، ده‌نا به ره‌سمی له هێچ شوێنێکی دنیا که‌س به ره‌سمیه‌ت نامناسێ. ته‌نانه‌ت نه‌ورۆزی ساڵی ١٩٩٤ له کوردستان له سنوری برایم خه‌لیل کابرای مه‌رزبان له ده‌فته‌ره‌که‌ی کوردستانی ئازاددا نووسی:" برایم فه‌رشی ئێرانی." هه‌مان کات له تورکیا کابرای قه‌ره‌قۆڵ ته‌ماشای پاسپۆرته‌که‌ی کردم, کاتێک به تورکی له گه‌ڵی دووام، پێکه‌نی و کوتی: ها ,, ئابی سه‌نده تورکمیسن,,!
ئێمه وه‌ک تاک له‌و سیستمانه‌دا ده‌ژین و ده‌فکرین و کارده‌که‌ین و له خزمه‌تی سیستمه‌که‌داین. تا ئه‌و کاته‌ش قازانجمان بۆ ئه‌و سیستمانه هه‌بێ و له‌خزمه‌تیان دابین, به هاووڵاتی ناو ئه‌و سیستمانه ده‌ژمێردرێن, که خۆمان لێ دور کرده‌وه، نه ته‌نیا هاووڵاتی نین به‌ڵکو دوژمنی وڵاته‌که به حیساب دێین و بۆ له ناوبردنمان به کارهێنانی هه‌موو شێوه‌یه‌ک به ناوی قانوون و ئایینه‌وه ره‌وایه.
هه‌موو ئه‌وانه‌ی سه‌ره‌وه گوتران، به‌رهه‌می سیاسه‌ته! سیاسه‌تێک که خۆمان قه‌بوڵمان کردوه! تا ئه‌و کاته‌ش ئێمه له‌و جه‌غزه‌دا خول بخۆینه‌وه, نه‌سله‌کان به هه‌مان ئازاره‌وه دوباره ده‌بنه‌وه! تا ئه‌و کاته که له ئێرانی ئێرانی تر و له ترک ترک تر وله عه‌ره‌ب عه‌ره‌ب تر و له موسڵمان موسڵمانتر بین, حاڵمان هه‌مان حاڵه.
لامان ره‌وایه ئاوا بیر بکه‌ینه‌وه, به‌ڵام که بێژین ئێرانی نیم و کوردستانیم, عێراقی نیم و کوردستانیم, عه‌ره‌ب نیم و کوردستانیم, موسڵمان نیم و کوردم, له لایه‌ن خۆمانه‌وه ده‌که‌وێنه به‌ر هێرش. ئاکادمێسین و سیاسه‌تمه‌دار و هونه‌رمه‌ندانمان که ئێران وه‌ته‌ن و ترک وه‌ته‌ن و عێراق وه‌ته‌ن وجیهان وه‌ته‌نن, بۆ به‌رپه‌رچه‌دانه‌وه‌ی کوردستانی بوونمان، سیاسه‌ت داده‌رێژن, تیئۆری داده‌تاشن و به‌ڵگه بۆ کاره فه‌رهه‌نگی و هونه‌رییه‌کانی ئاستی عێراق و ئێران و تورکیامان، ده‌هێنه‌وه.حزبه‌کانیشمان به‌رهه‌می ئه‌و سیستمانه‌ن. هه‌ر بۆیه سیاسه‌تیشمان له‌و جه‌غزه‌دا ده‌سوڕێته‌وه که جه‌غزی ئێرانی, عێراقی و تورکییه.
تا ئه‌و کاته له عه‌قڵ و بیرو مێشکماندا ئه‌و سیستمانه ره‌د نه‌که‌ینه‌وه و بیر له سیستمی خۆمان وه‌ک کورد و کوردستانی نه‌که‌ینه‌وه, هێز و وزه‌ی کوردمان سووتاندووه و زه‌مانی نه‌سله‌کانمان کوشتووه. ئه‌و سیاسه‌تمه‌دار و ئاکادمسێنانه‌ش که به پێی سیستمی په‌روه‌رده و ژیانی ئه‌و وڵاتانه ویان وڵاتانی رۆژئاوا خه‌ریکی دۆزینه‌وه‌ی رێگا حه‌لی به کۆیله هێشتنه‌وه‌ی کورد له‌و سیستمانه‌دا بن, یارمه‌تی ده‌که‌ن بۆ ئه‌وه، ره‌نج و ژیانی پر مه‌ینه‌تی کورده‌کان درێژه په‌یدا بکات و که‌سایه‌تی تاکی کورد له‌رزۆک و شێواو ده‌هێڵنه‌وه.
کورد له سیستمی خۆیدا به بیری نه‌ته‌وایه‌تی نه حزبی, ده‌توانێ ئاسۆی روونی هه‌بێ. ئه‌و کاته‌ش ئه‌گه‌ر که‌سێک که‌لاکی برایم فه‌رشی له شوێنێک بدۆزێته‌وه له پێناسه و پاسپۆرته‌که‌ی ڕا ده‌زانێ بێ وڵات و بێ هۆویت نه‌بووه .
رێبه‌ندانی ٢٧٠٣

## حزبی دێموکرات و کاری حزبی؟

حزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکخراوێکی پڕ تەمەنە کە بۆ وەدی هێنانی ئارمانجەکانی نەتەوەیی کورد لە بەشێک لە سەرزەمینی کوردەکان خەبات دەکات. کوردەکان لە ڕێگای ئەو حزبەوە سەرجەم وزە و توانای خۆیان لە ساڵەکانی پێشوودا بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆیان بەکارهێناوە. ئاواتی پێک هاتنی حکومەتی خۆیی لە بەشێک لە کوردستان لە ڕێگای حزبی دێموکراتەوە بۆ ماوەیەکی کورت هاتە دی.
حزبی دێموکرات ئامرازێک بوو لە دەستی بیرمەندانی کورددا بۆ خزمەت بە نەتەوەی کورد و مەعنەویاتی ئەو، لە درێژەی مێژووەدا وابووە کە ئەم ئامرازە بۆ کەسانێک بۆتە ئارمانج و زیانی زۆر بە دۆزی کورد گەیشتووە. حزبی دێموکرات لە سەردەمێکدا بە تەنیایی مێژووی کوردستانی ئێرانی پێک هێناوە. ئەمرۆ ئەو حزبە لە پاڵ باڵەکەی دیکەی خۆی و چەند ڕێکخراوی تردا، کۆی هێزە سیاسیەکانی کوردستان پێک دەهێنن.
لێکدانەوەی بڕگەکانی مێژوویی لە پێوەندی دەگەڵ حزبی دێموکرات و حزبەکانی دی بۆ سوود ورگرتن لە تاقیکردنەوەکان پێویستە، کارێک کە یارمەتی ساخی و سڵامەتی ژیانی حزبی و کۆمەڵگای لەدوایە. هیوای نووسەری ئەم دێڕانە سەرکەوتن و پیشەکەوتنی هەرچی زۆرتری حزب دێموکرات و سەرجەم هێزەکانی کوردیە لە ڕێگای بەختەوەری نەتەوەی کورددا، باس و لێدوانی ناو ئەم نووسراوەیەش بۆ ئەو مەبەستەیە و هیچی تر.
گۆواری "کوردستان" زمانحاڵی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژمارەی ٢٠٣ ،خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٢(نوامبری ١٩٩٣) بابەتێکی لە ژێر سەردێڕی"چالاکی حزبی یان کوردایەتی؟" چاپ کردوە و پەنجەی بۆ خێڵی ڕۆشنبیری کورد لە دەرەوەی وڵات ڕاکێشاوە و شتگەلێکی دور لە ڕاستی و نارەوا و ناشایست و بە دور لە ئینساف باس کردوە کە جێگای سرنجە. خوێنەری ئەم نووسراوەیە ئەگەر زۆر لە سەرخۆ بێ ئەم پرسیارەی بۆ دێتە پێش کە مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە چییە؟ ئایا مەبەست بەخشینی ئیمکانێکە بۆ گفت وگۆ و هاوکاری ڕۆشنبیرانی ناحزبی لە گەڵ حزبی دێموکرات؟ و یان دیسان دورخستنەوە و تاراندنی ئەو خێڵەیە لە حزبەکان مەبەستە؟
ئەگەر مەبەست تاراندن و دورخستنەوە بێ، سەرەڕای بەداخ بوون، دەبێ مزگێنی بە نووسەری ئەم بابەتە بدرێ کە ئەم چەشنە هەڵوێست گرتنانە هەموو ئەو هێزانەی لە حزب درکراون و یان خۆیان ڕیزەکانی حزبیان چۆڵ کردوە سوورتر دەکات لە سەر دوربوونەوەیان لە حزب. ئەو هەڵوێستە دانپێدانانە بە کاری ڕاست و یان هەڵەی ئەو کەسانە. لە لایەکی دیکەوە ئەو هێزانە و کەسانێکی تر کە هیچ کاتێک ئەندامی حزب نەبوون و لەو ساڵانەی دواییدا مەیلی هاوکاری لە گەڵ حزبیان پەیدا کردوە، دوچاری دوودڵی و دڕدۆنگی دەکات. لە بەر ئەوەی کۆی ئەم کەسانە و لەوانە ڕۆشنبیرانی کوردی ناوخۆ ودەرەوەی وڵات چاوەڕانی ژیانێکی ناوحزبی شارستانیانەی ئەمرۆییان لە حزب هەیە، نە ئەو حاڵ و هەواو فەرهەنگەی کە بە سەر هێزە سیاسیەکانی ئێرانیدا زاڵە و بە سیستمی تودەیی ناوبانگی دەرکردووە، کە ئاوا گرد دەکرێتەوە:
"ئەو کەسەی لە ناو حزب دایە ئینسانێکی شۆرشگێر و ئازادیخوازە و هەمان کەس لە بەر هەر هۆیەک ئەگەر چووە دەرەوەی حزب،پیاوی ئەمپریالیسم و بێگانەیە و یان دابڕاو وبێکارەیە"
ئەم بۆچوونە یەکێک لە داڕزاوترین و ڕوخێنەرترین سیاسەتی نیو سەدەی ڕابوردوی ئێران و کوردستان بووە و ئێستاش هەر بەردەوامە.
ئەگەر  ئاورێک لە مێژووی حزبی دێموکرات بدینەوە پاش کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵەکانی ١٣٣٠ بە دواوە و پاش تێکشکانی جوڵانەوەی موسەدق دەبینین ئەم نەخۆشیە لە ناو حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش سەری هەڵداوە و لایەنگرانی حزبی تودە لە ناو حزبی دێموکرات و نەتودەییەکانی دێموکراتی ناو حزبی دێموکرات، گیرودەی ئەم نەخۆشیە بوون.. ئەگەر ناکۆکیەکان و جەنجاڵ و گێرەوکێشەکانی ساڵانی ١٣٣٢ تا ١٣٥٧ پاش گوێ بخەین، لێکدانەوەی ڕوداوەکانی دوای ئەو ساڵانە دەربڕی وەزعی ناوخۆی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.
بە درێژایی ساڵەکانی ١٣٥٧ تا ئێستا حزبی دێموکرات چەند لێکدابڕان و لێک جیابوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە، وەک جیابوونەوەی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" ساڵی ١٣٥٩، جیابوونەوەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(ڕابەرایەتی شۆرشگێڕ) ساڵی ١٣٦٧، ئەم دوو جیابوونەوەیە بەرهەمی فەسڵێ بەهار بوون بەڵام هەرکیان نیشانەی پاییز و گەڵارێزانیان پێوە دیار بوو. پاش تێپەربوونی چەند ساڵ لەم ڕوداوانە جگە لە بۆچوونی سیاسی و پروپاگەندە کە هەموو لایەنەکەن ئەنجامی دەدەن، چاومان بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتیانە و ورد نەکەوتووە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکان دور لە زیهنیگەرایی کەسەکان بێت. جیا لە جیابوونەوەکان، کەسان بە تاک و بە کۆمەڵ (بێ جێ و نابەجێ) لە حزب دەرکراون کە ژیانی حزبی ناو حزبەکە دەردەخات. بەڵام زۆرترین جیابوونەوەکان ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە مەیلی خۆیان یان لە ناچاری ڕیزەکانی حزبیان بەجێ هێشتووە.
دەرکردن و جیابوونەوەکان لە حزبی دێموکرات و سەرجەم حزبەکانی ئێرانی، وەک پاکبوونەوە و خاوێن بوونەوە و پاڵاوتن لە خوێنی ناپاک و تازەبوونەوەی خوێنی ناو ڕەگی حزبەکان سەیر کراوە.
حزبەکان و جیابووەکان پاش لەیەک دابڕان دایم یەکتریان تۆمەتباران کردوە و ناوی خائین و جاسوس ودابڕاو و جاشیان لە سەر یەکتر داناوە و یەکتریان بە نادێموکرات و دیکتاتۆر و پاشکەوتوو ناو بردووە. هەر دوولا لە ڕێگای بۆمبارانی تەبلیغاتیەوە هەزار نێو ونیتکەیان لە یەک ناوە.

ئەو کەس و لایەنانە کە ریزی حزب و حزبەکانیان بەجێ هێشتووە و لە زۆربەی کاتدا خاوەنی ئامرازی ڕاگەیاندن بۆ بەرگری لە خۆیان نەبوون، ئاوا ناودێر کراون:
" دابڕاو، ناشۆڕشگێڕ،خائن،پاڵکەوتوو، گۆشەگیر و جاش."
ئەگەر لە جاش و خائینەکان گەڕێن کە بە حەق لە حزبەکان دەرکراون، ئەم چەشنە هەڵس وکەوتە لە جوڵانەوەی کوردستان و ئێراندا بۆتە فەرهەنگ و خوو وخدە، کە هێشتا فەرهەنگی ڕۆژی حزبەکانە. هۆی زۆربەی جیابوونەوەکان ناکۆکی سیاسی، فکری، فەرهەنگی، کەسایەتی و بارودۆخی نادێموکراتێکی ناو حزبەکان و سیستمی ژیانی ناو ئەو حزبانە بووە. لە پێوەندی لە گەڵ حزب دێموکراتدا تەنیا ئیشارە بە نمونەیەک دەکەم.
سەید محەمەد ئەمین شێخ ئولئیسلامی مکری"هێمن" یەکێک لە شاعیرانی شۆڕشگێڕی حکومەتی ملی کوردستان و یەکێک لە شاعیرانی شۆڕشگێر و حزبی مێژووی جوڵانەوی کوردستان لە ئێران بووە وبە "شاعیری میللی" ناسراوە، ئەم سەروەریش لە لایەن خودی حزبی دێموکرات و شەخسی قازی محەمەدەوە یانی یەکەمین سکرێتێری حزبی دێموکرات و یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستانەوە بەو بەخشراوە. ژیانی زیندەیاد هێمن لە ئاوارەیی، هەژاری، نەخۆشی و دەربەدەری و زینداندا، تێپەڕبوو. شیعرەکانی هێمن بە تایبەت کتێبی تاریک و ڕوون چەشنێک گێڕانەوەی مێژوو و خەباتی حزبی دێموکراتە. بەشێک لە سرودەکانی حزبی دێموکرات کە بۆتە بەشێک لە مەعنەویاتی خەڵکی کورد، هەمووی بەرهەمی بیر ومێشک و زەوقی هونەری هێمنە و کورد منەتباری ئەو و کەسانی وەک ئەوە.
هێمن وەک هەموو ئینسانێک بەری لە هەڵە و خلیسکان نەبووە، ئەو لە گەڵ پەیرەوانی کۆنگرەی چوار جیا بۆوە، ڕۆژی دوای جیابوونەوە ئەو و هەموو ئەوانەی لە حزب جیابوونەوە لە لایەن ڕادۆی حزبی دێموکراتەوە بە جاش لە قەڵم دران.
ساڵانێک پاشان هێمن لە گەڵ سەربازانی ئیمامی زەمان و پاسدارانی خومەینی خرایە ناو زیندانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. پاش ئازادبوون چووە لای کۆماری ئیسلامی و لە ژێر سەرپەرستی ئەودا بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا، ناوەندێک بەناوی وەشانخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی پێک هات، کە گۆوارێکی بە ناوی سروە بە زمانی کوردی دەردەکرد.
سەرڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا هەڵگری چ سیاسەتێک بووبێ و یا پانتایی و چۆنیەتی کار و تێکۆشانی ئەم ناوندە چۆن بووبێ، دەبێ بگوترێ ئەم ناوندە نیشانگەری ئەو ڕاستییە بوو کە لە ئێران نەتەوەیەک بە ناوی کورد هەیە. ئیسپاتی ئەم ڕاستیە لە نیزامێکی پاشکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاست، تۆتالیتێر و بە دەست هێنانی ئیمکان بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و لێک نزیک کردنەوەی نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی کورد و کێشانی لاوەکان بۆ ئەو ڕێگایە، کارێکی شۆڕشگێڕانەی زۆر دژوار بوو کە دەستکەمی لە کاری پێشمەرگایەتی نەبوو.
تەشەنەکردنی ئەم چەشنە خەباتە لە شارەکانی کوردستان و ئاشنا کردنی لاوەکان و مندالان بە فەرهەنگ و زمان و مێژووی خۆیان ئەگەر بەشێک لە خەباتی ئەو نەتەوەیە نەبێ، ئەدی چییە؟ بۆ دەبێ حزبی دێموکرات دژی جوڵانەوەیەکی وابێ؟!
زۆر ڕوون و سروشتیە کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ ئەو ئیمکانە لە پێناو بەرژەوندی خۆی بەکار بهێنێ و هەروەها لەو ڕێگایەوە کەس وئەفرادی سەربەخۆی باربهێنێ و یا کەسانێک بۆ مەبەستەکانی خۆی بکڕێ. بەڵام هەر لەو سیستمەدا شۆڕشگێڕی کوردی دژ بەو نیزامە پەروردە دەبن. "هێمن" پیری هەر دەم شۆڕشگێڕ لە ژێر چەتری کۆماری ئیسلامیدا بەرەیەکی تازەی خەباتی کردەوە. حزبی دێموکرات سەرجەم ئەو خەباتەی هێمن و هاوکارەکانی بە جاش بوون دادەنێ.
ئێستا ساڵانێکە هێمن لە ژێر خاکدا نووستوە، دوکتور قاسملوی زیندەیاد بەرپرسی ئەو کاتی حزبی دێموکرات لە دانشتینێک لە گەڵ هەمان کۆماری ئیسلامیدا، شەهید کراوە و لە گۆرستانێک لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی سەری ناوەتەوە!بەڵام حزبی دێموکرات بۆ سڕینەوەی ئەو تۆمەتانەی کە خستیە پاڵی هێمن و سەرجەم بیرمەندان و هونەرمەندانی کورد، داوای لێبووردنێکی مێژوویی بە هێمن و سەرجەم بیرمەندان و هونەرمەندانی وڵاتەکەمان قەرزدارە.
بەڵام هەر ئێستا ئەم ڕەوشە لە ناو حزبی دێموکراتدا بەردەوامە، نووسەری بەرێزی گۆواری کوردستان لاپەرەکانی "ئۆرگانی حزبەکەی" بۆ تۆمەتبارکردنی کەسان ڕەش کردۆتەوە. وەک ئەوەی کات و زەمان وێستابن بۆ ئەوەی نووسەری بەرێز بە نیەتی چاکە بە چەقۆی ژەنگاوی کارگاکانی حزبی تودەی ئێران ملی کەسان بپەڕێنێ، بەشکم بەمجۆرە کەسانێک خودار بنەوە و بگەڕێنەوە ناو باوەشی حزبەکەیان.
پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە و بێ کەڵک بوونی ئەو چەشنە هەڵس وکەوتە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دەست لەو چەشنە کارانە هەڵگرین و ڕاستگۆیانە لە پێناو بەرژەوندی نەتەوەکەماندا هەڵس وکەوت بکەین!؟ ئایا بوون بە ئەندامی حزبێک دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسان لە هەڵە و لارێیی و چەوت بیرکردنەوە بشۆرێتەوە؟ ئەوە ڕاستە کە لە ناو ناحزبیەکاندا ڕەنگاورەنگی هەیە و کەسی بێکارە و زیهنی گەراش لە پاڵ کارزان و لێزان و بیرمەند هەیە، سەرجەم ئەوانە وەک یەک بینین و دژبەرایەتی کردنیان بە سوودی دوژمنانی کوردە.
بەڵام ئەگەر نووسەری بەرێز لە ڕێگای ئەم نووسراوەیەوە هیوای ئەوەی بووبێ کە ئیمکانی گفت وگۆ فەراهەم بکرێ و یا هاوکاری لە گەڵ کەسانی ناحزبی مێسەر بێ، ئەوە مەبەستی نەپێکاوە. دۆستی ئێمە بەر لە هەرشت دەبوو باسی ئەو هۆیانە بکات کە ئەو وەزعەی پێک هێناوە، دەبوو باس و لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەو دیاردەیە کردبایە کە بوونەتە هۆی جیا بوونە و دابڕان لە حزبەکان، لێکۆلینەوەیەکی وا هەم سوودی بۆ حزبەکەیان دەبوو هەم بۆ سەرجەم جوڵانەوەکە. جیابوونەوە و دابڕان لە حزبەکان تەنیا بە هۆی شەڕی براکوژی نەبووە، لە بەر ئەوەی ڕەوتی جیابوونەوە و دابڕان بەر

لەو و پاشانیش هەر بەردەوام بووە. کەسانی دەرەوەی حزبەکان لە ژوور و دەرەوەی وڵات وەک هەر ئیسانێکی زیندوو بیردەکەنەوە و سەیری جیهان دەکەن و بیرکردنەوەیان لە سەر جیهان و مەسەلەی کورد و خەباتی سیاسی، خەباتی حزبی و ژیانی حزبی هەیە. ئەگەر تەنیا هۆی ئەو کەسانە شەری نێوان حزبەکان بووبێت دەبوو پاش کۆتایی پێ هاتنی شەڕی نێوان دێموکرات و کۆمەڵە ودێموکرات و دێموکرات دەبوو لە یەک نزیک بوونەوەیەک هەبایە، بەڵام وا نییە. هەرچەند نووسەری دێموکرات حەولی ئەوە دەدا "شەڕی براکوژی سروشتی لە قەڵەم بدا" و لە کوردستان و ئەفغانستان و شوێنی دیکە مێژووی بۆ سازبکات ، دەبێ عەرزی بکردێ ئەم شێوەیە دۆڕاو و دزێوە وبەکارهێنانی سروشتیش نییە.، مەگەر ئەوەی سیاسەت بریتی بێ لە سیاسەت بازی و دێماگۆگی کە جێگای عەقڵ و مەنتقی گرتبێتەوە. لە حەڵەتێکی ئەوتۆدا دەکرێ ئەفغانستان و کوردستان لە گەڵ یەکتردا بەراوەرد بکرێ و حزبەکانی کوردستان و ئەفغانستان وەک برا چاولێ بکرێ.

ئەگەر مەبەستی ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکرات سەرکەتن بە سەر گیروگرفتەکاندایە و گەرکیە دەستی هاوکاری و گفت وگۆ درێژ بکات، بۆچە ئیمکانی ئەوە فەراهەم ناکات کە کەسان و لایەنەکان بیر وبۆچوونی خۆیان باس بکەن هەتا حاڵ و هەوای هاوکاریکردن پێک بێ. بۆچە حزبی دێموکرات بۆ وڵامدانەوە بە غەیرە کوردەکان ئازایە و دەیان لاپەرە لە گۆوارەکەی تەرخان دەکات هەتا زۆر موحتەرەمانە و موحتاتانە وڵامی"ترهات"ی ئەوان بداتەوە، بەڵام خودیەکان دەگرێتە ژێر توهمەتی نارەواوە. لە ساڵانی رابوردودا چ کاتێک یەک مەقالە لە کەسان و گروپ و جەریانی فکری دور لە دەستەڵاتی حزبی لە ئۆرگان و راگەیاندنەکانی حزبیدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە؟ چ کاتێک ئیزن درا بە کەسانی ناحزبی دۆستی حزب لە دەرەوەی حزب هەتا بیر وبۆچوونی خۆیان لە راگەیاندنەکانی حزبدا بڵاو کەنەوە؟ ئەساسەن کەنگێ رۆژێک لە رۆژان روونکردنەوە و نووسراوەی کەسانی درکراو ویا جیابووەوە لە حزب لە راگەیاندەکانی حزب دا دەنگی داوەتەوە و چاپ کراوە؟

خەزەڵوەری ٢٦٩٣نوامبری ١٩٩٣ ئاڵمان

* ئەم نووسراوەیە بە زمانی فارسی نووسراوە وکاتی خۆی بۆ رابەری حزب نووسراوە و پاشان کراوە کوردی و لێرەدا بۆ یەکەمجار بڵاو دەکرێتەوە.

## بەڕێزان لە ڕابەرایەتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران,

وێڕای شادی بۆ ئێوەی بەڕێز,

لای ئێوە روونە کە سیاسەت لە جیهانی ئەمڕۆدا گەڵێک هەمەڵایەنەتر و قوڵترو پسپۆڕانەترە لە هەر کات و زەمانێکی تر, ئاڵۆزی جیهانی و پرسەکانی جیهانی سەرەڕای جیهانی بوونیان ناوچەیین و لەیەک گرێدراوترن. سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی جیهان ئەگەر سوپرمەن نەبن دەبێ سوپرسیاسەتمەدار بن، بەو مانایە جگەلە پرۆڤیسیۆنال بوون دەبێ بە خێرایی وڵامی سیاسی بە ئاڵوگۆرەکانی رۆژ و ساعەت بدەنەوە.
روداوەکانی ٢ ساڵی رابوردو لە جیهاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە گەلێک لە رابەرانی جیهان لە بەر ئەوەی لە کاتی خۆیدا وڵامی بە جێیان بە پرسیارەکان نەداوەتەوە, بوونەتە هۆی ئاڵۆزی سیاسی و پێکهێنانی قەیرانی سیاسی لە وڵاتەکەیاندا. حزبەکانی بەشدار لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهاندا بە هەمو چەشنێک تێدەکۆشن بۆ ئەوە خۆیان لە گەڵ پێداویستیەکانی زەمانی خۆیان ڕێک خەن، خۆیان نوێ کەنەوە، نوێ بوونەوە ونوێکردنەوە کارێکی بەردەوامەو وەک پێشوو نییە کە پریودی بێت. هەمووی ئەم باسانەی سەرەوە پەیوەستە بە زانیاری (ئینفورماسیون)!
ئەمڕۆ ئینفورماسیون دەوری جیدی لە سیاسەتدا دەلێزێ. ئەگەر خاوەنی بی و لە جێگای خۆیدا کەڵکی لێ وەرگری وبیکەیتە پاڵپشتی هەڵوێستی سیاسی, ئابوری, تەکنیکی, سەنعەتی و..., شانسی زۆرتر بە خۆت و حزبەکەت و وڵاتەکەت دەگەینێ. باشترین و تازەترین نمونە چیرۆکی عێراق و روداوەکانی پاش و پێشی شەڕە!
ئێمەی کورد کە کەمترین بەشمان لە ئینفورماسیون وەبەر دەکەوێ، لە لایەنی سیاسیشەوە هەژارترین نەتەوەین, هەرچەند چەند تەلەوزیون و دوو دەوڵەتیشمان هەبێ! بە داخەوە ئێمە لە ئیمکاناتی خۆشمان کەڵک وەرناگرین. هێزەکانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان وبە گفتی ئێوە کوردستانی ئێران لە دوارۆژدا هەر لە بەر ئەم هەژاریە دوچاری گرفتی جیدی دبن بە تایبەت لە بەرانبەر فارسەکان و هێزەکانی سیاسیان, لە بەر ئەوە ئەوان لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابوردودا لە دەرەوە و لەژوورەوێ وڵاتەکەیان، ئیمکانی جیدیان بۆ بەشداربوون لە ئینفورماسیونی ئەمڕۆی جیهان پێک هێناوە.
بۆ ئەوەی ئێمەش هەنگاوی جیدی بۆ خۆگەیاندن بە ئینفورماسیون هەڵهێنینەوە دەبێ:
١- پێوەندی لە گەڵ دەزگاکان,ناوەندەکانی ئێنفورماسیونی دەوڵەتی و خوسوسی بگرین.(بەشێکی زۆر لەو شوێنانە ئانالیزو زانیاریەکان بە بێ پارە لە ئەختیاری هەر کەسێک دادەنێن، بۆ وێنە وەزارتخانەکانی دەرەوە و وەزارەتەکانی لێکۆلینەوە و ئەنیسنیتۆکانی سەر بە دەوڵەت .)
٢- پێوەندی لە گەڵ هێندێک ناوەندی ئابوری وسیاسی کە زانیارییەکانیان دەستی یەکن و تازەترین ئانالیزی سیاسی, ئابوری دەفرۆشن و گەلێک سمیناریان بۆ هەمان مەبەست هەیە. ئەم زانیاریانە بە دەگمەن لە رۆژنامە و تەلەوزیونەکاندا بڵاودەکرێنەوە, سەرمایەگوزاری زۆربەی سەرمایەدارانی دنیا بە پێی ئەم زانیاریانە ئەنجام دەگرێ.
٣- بە دەست هێنانی زانیاری بەکەڵک لە رێگای پێوەندییەکانی رەسمی ونارەسمی وتاکە کەسییەوە.
٤- بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانە کەبە شێوەی کتێب لە لایەن سیاسەتمەداران, دانشمەندان و پسپۆرانەوە دەردەچێ.
بۆ ئەوەی ئێمە پسپۆڕانە مامەڵە لە گەڵ زانیارییەکان بکەین و سیاسەتەکانمان لە سەر زانیاری دەستی ئەوڵ یان نزیک بە سەرچاوەکان بێ, گەرەکە لە دەرەوی وڵات کۆمەڵێک کەسی شارەزای کورد کە بە لانی کەمەوە زمانێکی ئوروپی باش بزانن بۆ پێش خستنی ئە پرۆژەیە کۆ کەینەوە . ئەم کەسانە بە پێی بەرنامەیەک دەتوانن هەم حزب و هەم کۆمەڵگای کوردەواری لە رێگای زمانی کوردییەوە تێرە ئینفورماسیون بکەن. هەر ئەم کەسانە دەتوانن خۆیان پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو بابەتانە کە بۆ سیاسەتی کورد پێوستە دارێژن.
دۆستان!
ئێوە باش دەزانن رابەرانی دنیا دانانشین رۆژ هەتا ئێوارە رۆژنامە بخوێنەوە ویان لە بەر تەلەوزیون و کوپیوتێر دانیشن, گەلێک لە سیاسەتەکانیشیان نەک لە لایەن خۆیانەوە بەڵکو لە لایەن پسپۆرانەوە کە هیچ پێوەندیکیان بە دەوڵەت و حزبەکانەوە نییە دادەرێژرێ. لام وایە حزب بە گوێرەی پێویست لە پسپۆرەکانی خۆشی کەڵک وەرناگرێ و توانایان بۆ کاری دی بەکار دەهێنێ. ئەم پێشنیارە تەنیا بۆ کەسانی حزبی نییە و بۆ هەر پسپۆرێکە کە بیەوێ کارێک بۆ نەتەوەکەی بکا. ئەگەر بڕیارتان دا ئەوە منیش پاڵپشتی ئەم کارە دەکەم.

هیوام شادی و سەربەرزیتانە
برایم فەرشی(بارام)

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان حزب و ڕووناکبیراندا!؟

هەرەشەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆرج بوش لە سەدام حسێن سەرەك کۆماری عێراق, گۆڕانکاریەکانی تورکیا و جوڵانەوەی شارەکانی باکوری کوردستان, یەك گرتنەوەی دووباڵی دژبەیەکی کوردان لە چوارچێوەی پارلەماندا لە باشوری کوردستان, هەرەشەی تورکیا بۆ چوونە ناو خاکی باشوری کوردستان,  ترسی رابەرانی کۆماری ئیسلامی ودەستەوتاقمەکانی دەروەو وناوەوەی حکومەت لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو دنیا و هەروەها ترس لە خەڵکانی ناوئێران بۆتە هۆی باس و خواس و جمو وجول لە ناو کوردستان و دەرەوە.
جگە لە حزبەکان دەنگی کۆڕوکۆمەڵ و تاکەکەس دەبیسترێ و لەم وڵات و لەو وڵات کۆڕو کۆبونەوە دەبەسترێ, لەم ناوەدا کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە بەساڵانە جگە لە تاك وتەرایان دەنگیان نەبووە, ئەم ڕۆژانە لە کۆڕو کومەڵەکاندا دەبیندرێن و باس وبیرکردنەوە دێنە گوڕێ. کەسانێك لە حەولی سازکردنی حزبێکدا بوون وەك ئەوە کە لە باشور لە سەر ئەساسی فکری پ کاکا هاتۆتە گوڕێ, کەسانێکی تر لە ناوەوەی کوردستان چەند ساڵ لەمەوبەر هەمان فکریان هەبوو لە سەر ئەساسێکی تر. حزبەکانی کوردستانیش کە چالاکی سیاسیان گرێدراوی بارودۆخی باشوری کوردستان و هەڵسوکەوتی حزبەکانی دەستەڵاتداری ئەوێیە، دوچاری گیروگرفتی سیاسی و ناسیاسی بوون وژیانی سیاسیان لە ناوخۆی کوردستان کزولاوازە.
لە بارودۆخێکی ئاوادا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاڵاکی سیاسی کەوتۆتە دەست کەسانێك لە بازنەی دەستە وتاقمەکانی ناو کۆماری ئیسلامی، یان هێزێکی بەربڵاوی فەرهەنگی- ڕۆشنبیری و یا کەسی تاك تاك کە بە ناوی خۆیان ویا حزبی ئێرانی و کوردستانی  ئیعدام و سەربەنیست دەکرێن ویان لە زیندانەکاندا ژیانیان لە ئازاردا تێدەپەڕێ.
ئەم وەزعە بە گشتی بۆتە هۆی ئەوە کەس یا کەسان بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات بکەونە نامە بڵاوکردنەوە و هوشیارکردنەوەی خەڵك. ئەوانە نامەی سەرئاواڵە بۆئەم سەرۆك وئەو سەرۆك دەنێرن.
ئەم ئاڵوگۆرانە سەرجەم دوو شت دەردەخەن:
یەکەم: بارودۆخی ناوچە دەتوانێ بەرەو ئاڵۆزی بڕوا و ئەم ئاڵۆزیە هەم دەتوانی بە قارانجی کورد تەواو بێ هەم دیسان بە تێداچوونی ماڵ و گیانی زۆر کەس.
دووهەم: ئەو وێنەیە کە لەسەرەوە لە سەر هێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕووناکبیران! کێشرا, دەریدەخات کە هێزی کورد لە ڕۆژهەڵات نەتەنیا یەك دەست و یەك دەنگ و یەك پارچە نییە بەڵکو پڕ لە ئاڵۆزیە, ئەم ئاڵۆزیە لە ناو بەرهەم هێنەرانی فەرهەنگ و هونەر و ڕۆشنبیریدا بەر بڵاوترە.
وێنەێکی ئەم ئاڵۆزیە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەمە١٢,١٠,٢٠٠٢ لە شاری بۆن بە جوانی دەرکەوت. لە لایەك حزبەکان بە هێندێك جیاوازیەوە هێشتا لە چوارچێوەی فکری بیست وچەندساڵ لەوە پێشی خۆیاندا دەژین ولە لاێکی تر مرۆڤی سیاسی, فەرهەنگی و زانستی کورد لەم بەشەی وڵات لە زۆر لایەنەوە زۆر زۆر لە یەك دوورن و زمانی هاوبەش پەیدا ناکەن, ئەوەش نیشانەی,, پلورالیستی,, بوونی بیروفکرو لایەنی سیاسی نییە بەڵکو نیشانەی ئاڵۆزی هەمەلایەنەی عونسوری ڕۆشنبیرییە لە ناو ئەم هێزەدا. کۆبونەوە و یان کۆنفرانسی بۆن ویستی دیالۆگ لە نێوان ڕێکخراوەکان و مرۆڤی بێ ڕێکخراوی کوردی ڕۆژهەڵاتدا ساز بکا، کە هەنگاوێکی ژیرانەی ناوەندی لێکۆڵینەوە لە بۆن بوو. بەڵام حزبەکان و هێزی بێ ڕێکخراوە بۆتێگەیشتن لە یەك پێویستیان بە دیالۆگی ڕۆژانە و بابەتیانە هەیە, ئەوەش هەر ١٥ ساڵ جارێك ناتوانێ بەری هەبێ. ئەوەی کە کورد ئەمڕۆ لە هەموو بەشەکان لە سەرەتای سەدەی بیست ویەکدا, لەم ڕۆژانە و لە مانگەکانی داهاتودا بە کات و زەمانێکی ناسکدا تێدەپەڕێ ڕاستە، بەڵام ئەوەی ئەم ناسك بوونی وەزعە چەندە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن, لایەنەکانی کوردو سەرجەم ڕوناکبیران و خەڵکی کوردەوە وەردەگێرێ و چۆن خۆیانی بۆتەیار دەکەن پرسیارێکە کە تا ئێستا لە هەموو لاێکەوە بێ وڵام ماوەتەوە! بێ وڵام مانەوەی ئەم پرسیارەش نە بەقازانجی تاکە کەسە, نەبەقازانجی حزبەکانە ونەبە قازانجی خەڵکی کوردستانە!

١٨,١٠,٢٠٠٢ڕەزبەری ٢٧٠٢

## حزبی دێموکرات و هەنگاوێکی تازە؟!

بە پێی ئەو چاوەڕوانییەی کە لە کۆنگرەی ١٣ی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرا, پرۆژەی فدرالیسم بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و سیستمی فیدرالی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەی حزبەوە بوو بە بڕیاری رەسمی. لەو کۆنگرەدا پرۆژەی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان کە زیاتر لە نیو سەدە بەرنامەی کاری سیاسی حزبی دێموکراتی دیاری دەکرد هەڵوەشێندرایەوە. ئەم پرۆژەیە پێناسەی سیاسی حزبی دێموکرات بوو, لەوەش زیاتر بۆ رابەران و ئەندامان و لایەنگرانی ببوو بە بونیادی فکری و تیئۆری وتەنانەت رەوانی و دەروني, لە لای هێندێکیان ببوو بە چەشنێک مەزهەب و بگرە پێناسەی کەسایەتی! ئەم پرۆژەیە بێ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنێ لە ژیانی سیاسی و فکری و رێکخراوەیی حزب جیاکرایەوە و رەوانەی بایگانی کرا. لە سەر ماسەی سیاسی کوردستان ئەم هەنگاوە بە سەرکەوتنێکی گەورە مەزندە کرا و بەرپرسانی حزبی حەولیان دا لە مێدیای کورد و دەرەوەدا ئەم سەرکەوتنە بسلمێنن. پەسەندکردنی پرۆژەی نوێ و وەلانانی پرۆژەی کۆن گەلێک پرسیاری جیدی دەهێنێتە گۆڕێ کە حزبی دێموکرات تا ئێستا وڵامی نەداوەتەوە, بەڵکو حەولي داوە بە شێوەی تەوزیحاتی سیاسی – تەبلیغاتی وڵامەکان ئاراستە بکات.

پرسیار ئەوەیە, پرۆژەی کۆن بۆ وەلانندرا؟ کەمایەسی و نوقسانی ئەو پرۆژەیە لە پێوەندی لە گەڵ سەردەمي ئێستادا چي بوو؟ حزب و رابەرانی حزب چ گیروگرفتێکي دیاری سیاسی, رێکخراوەیی و رەوانیان لە گەڵ ئەم پرۆژەیەدا هەبوو؟ ئەو سیستمە سیاسي و ئابوری و نیزامي و کۆمەڵایەتیەی کە بڕیار بوو لە رێگای پرۆژەی دێموکراسي بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستاندا بێتە دی, ناتەبایي لەگەڵ کام سیستمدا هەبوو کە پرۆژەی دووهەم، واتە فیدرالیسم چارەسەری دەکات؟ ئەو ئاڵوگۆڕیە بنەرەتیانە چین کە لە ستروکتوری سیاسي و کۆمەڵایەتي و فەرهەنگي و رەوانی و ئابوری ئێراندا روویان داوە کە رێگا بۆپێک هاتني فدرالیزم خۆش دەکا و پێشگیری لە هاتنە دی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسي بۆ ئێران دەکات؟

حزبی دێموکرات لە رێگای بەرنامەکەیەوە، کە لە دروشمی خودموختاری و دێموکراسیدا کۆکرابووە, توانیبووی سیستمێکی سیاسی و فکری و رێکخراوەیی پێک بێنێ و ئەندامان و لایەنگرانی لەم سیستمەدا پەروەردە بکات و لە رێگای ئەوانەوە پەیوست بێت بە کۆمەڵانی خەڵکەوە. ئەم سیستمە مێژووی حزب و ژیان و چارەنووسی سێ بەرە لە سیاسیکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان دیاری دەکات. ئەو سیستمە دوو وشەی خودموختاری و حزبی دێموکراتی وا لە یەک گرێدابوو کە هاووڵاتی ئاسایی لە گوند وشارەکان پێی راهاتبوو و وەری گرتبوو. ئەڵبەت ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ناوەرۆکی خودموختاری بۆ خەڵک روون بووە و بەرنامەی حزب لە ٦٠ ساڵی رابوردودا دروست بووە.ئەم سیستمە کە لایەنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی و رەوانیشی هەبوو, لە کۆنگرەی ١٣ی حزبی دێموکراتدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی لە سەر درا, بێ ئەوەی بەر لە کۆنگرە ئەم سیستمە کۆنە و هەموو لایەنەکانی بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە, بێ ئەوەی سیستمی نوێ بناسێندرێ, بێ ئەوەی خەڵک ئاگاداری پرۆسەی گۆڕینی فکری و سیاسی و بەرنامەیی حزب بکردرێن. ئەوەش کە حزبی دێموکراتی نوێ، بە دەستەی سەرۆکایەتی تازەیەوە لە سەر چ پلانێک سیستمی نوێ دادەمەزرێنێ، روون نییە. بڵاوکراوەکانی پاش کۆنگرە و وتەکانی وتەبێژەکانی سەرەکی حزب نیشانەیەک نادەن بە دەستەوە کە پرۆژەیەکی دارێژراو لە بەر دەست دا بێ. هەموو قسەکانیان لەوەدا کۆدەبێتەوە کە سیاسەتی جیهانی و بارودۆخی ناوچە و ئێران گۆڕاوە و ئەوان دەبێ خۆیان لە گەڵ بارودۆخ بگونجێنن. بنەما و بونیادی ئەم گۆڕانکاریانە بەوردی و بەربڵاوی باس ناکرێ و تەنیا سیمای سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بە زەقی لە بەر چاو دەگێرێ, کە ئەگەر ئەوە هۆی گۆرانکاری لە ستراتێژی حزبدا بێت, ئەوە دەبێتە هۆی لەرزۆک بوونی ستراتێژی لە ناو حزبدا، کە ئەوەیان بە نیسبەت سوونەتی ٤٢ساڵەی ستراتێژی حزبی دێموکراتي کوردستاني ئێران شتێکی تازەیە.

گۆڕینی بارودۆخی جیهانی دەبەسترێتەوە بە سیاسەتی ئامریکا و لادانی دوو رژیمی دڕندەی ئەفغانستان و عێراق, کە هێشتا بە تەواوی داهاتوویان روون نییە. لەوەش زیاتر هێشتا ستراتێژیە نهێنییەکانی ئامریکا بە گشتی و دەستەی سەرۆکایەتی ئەمرۆی ئامریکا سەبارەت بە ناوچەکە ئاشکرا نییە و بێ گومان حزبی دێموکرات وکورد بە گشتی, زۆر لەو بازنەیە دورن کە جێگای متمانەی ئامریکا بن بۆ باسکردنی ئەم نهێنیانە. لە جەنگەی شەڕی یەکەمی بەرەی رۆژئاوا لە گەڵ عێراقدا باس لە سیستمی نوێی جیهانی ئامریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرا بەو مانایە کە دێموکراسی باڵ بە سەر ناوچەکەدا دەکێشێ و جوغرافیایەکی سیاسی نوێ دێتە ئاراوە, بەڵام پاش رزگارکردنی کوێت و پاشەکشەی سەدام و گۆڕینی سەرکردایەتی لە ئامریکا هەموو شت گەڕایەوە سەر دۆخی جاران. ئەمرۆش لە باشوری کوردستان نە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و نە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچیان بڕیارنامە و بەڵێنامەیان لە گەڵ کوردەکاندا ئیمزا نەکردووە و داهاتووی عێراقیش نادیار و نارۆشنە و بارودۆخەکە گەڕاندراوەتەوە سەر ئاستی ناوخۆیی عێراق. هێزەکانی کوردی باشوری کوردستان هیچ ستراتێژێکی روون و ئاشکرایان لە بەر دەمی خەڵک دانەناوە و ستراتێژیان لە گەڵ ئامریکا و بریتانایش روون نییە و ئەساسەن سیاسەتی دەرەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان نادیارە. خۆیان دەڵێن:**"** هاوپەیمانی ئەمریکاین و سیاسەتی دەرەومان لە سەر بنەمای خەبات دژی تیرۆریسم داناوە[٢]." ئەوەی ئەم سیاسەتە چەندە پێوەندی بە بەرژەوەندی کوردەوە هەیە و بۆ تەواوی سیاسەتی دەرەوی کورد لەوەدا کۆدەبێتەوە و چۆنە کە تەواوی هاوپەیمانییەتی کورد لە گەڵ ئامریکا بەوە کۆتایی پێدێت, وڵامي بۆ نییە. لە باشور "ویست و سیاسەتی ئامریکا، وڵاتانی

---

[٢]- وڵامی مەلا بەختیار لە سیمیناری شاری کۆڵن سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی کورد لە باشوری کوردستان.

عەرەبی و ئیسلامی و بەرژەوەندی حزبەکانی کوردستان", بنەمای سیاسەتی پێک هێناوە، نە بەرژەوەندی کورد. هەمووی ئەوانەش لە کوردستان بە شێوەیەکی پراگماتیستی بەڕێوە دەچێ.
قۆڵەکانی سیاسەتی جیهانی بەرژەوەندیان وەک یەک نییە و دەستەڵاتی سیاسی و ئابوری و تەکنیکیان لە هەموو بوارەکاندا وەک یەک ناچێ. قۆڵەکانی سیاسی- ئابوری ئامریکاش وەک یەک نین و بەرژەوەندی ئابوریان لە دەرەوە و ناوەوەی ئامریکا وەک یەک نییە. هەر بەو پێیە سیاسەتیان جیاوازە و سترتێژی کوردیش ئەگەر هەبێ دەبێ ئەم جیاوازیانە بە حیساب بێنێ و بە پێی کات و روداو چارەنووسی کورد بە قۆڵێکەوە گرێ نەدا. ئەوە راستە تاقمی سیاسی, نیزامی و پیترول کە لە سەرۆکایەتی بووشی باوک و بووشی کوڕدا خۆیان دەرخستووە لە ئاستی جیهانیدا چاویان لە خۆرهەڵاتی ناوەراست و چاڵەنەوتەکانییەتی و لە هەر دوو دەورەی سەرۆکایەتیشیاندا بەشداری شەڕلەم ناوچەیە بوون , جا چ لە گەڵ وڵاتانی رۆژئاوا چ بە تەنیا. سترتێژی ئەم تاقمە(بوشگەل) بیر لە سی ساڵی داهاتوو دەکاتەوە کە چاڵە نەوتەکانی ناو ئامریکا خۆی لە کزی دەدا و دەتوانێ بۆ ئەو تاقمە و ئینرژی ئامریکا کارەساتی بە دواوە بێت. سیاسەتی کورد لە باشور وڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە کە رووی سیاسی ئەوان, ستراتێژی سیاسی ئەوان بەرەو کوێیە و پرۆژەی سیاسی ئەوان چۆن لە گەڵ ناوەندەکانی سیاسی جیهان رێک دەکەوێ.
لە پێوەندی لە گەڵ بووچونەکانی کۆنگرەی ١٣ دا رووبەڕوی نرخاندنێکی رۆژنامەوانی رۆژانە لە بارودۆخی جیهان دەبینەوە کە پێشکەش بە ئەندامانی بەشدار لە کونگرە کراوە. پارامێتری ئابوری و پارامێتری قۆڵەسیاسیەکانی جیهان لە بەر چاو نەگیراوە. لایەنە سیاسی و ئابورییەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوا کە لە گەڵ وەرشکەستەگی رووبەروون و بالانسی سیاسی دەخەنە مەترسیەوە, ئایا ئەوە کار دەکاتە سەر سیاسەتی جیهانی و لێرەشەوە چارەنووسی کورد و سیاسەتی ئەم دەوڵەتانە سەبارەت بە کورد؟ ئایا هەر ئەوە ناتوانێ بنەمایەک بێت بۆ پێوەندی سیاسی و ئابوری جیدی تر لە گەڵ ئوروپا و پێک هێنانی باڵانسی سیاسی نێوان کورد و ئامریکا و ئوروپا و ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە؟ ئەوەی روونە ئەوەیە کە لێکدانەوەکانی حزبی دێموکرات لە سیاسەتی جیهانی پشتی بە کەڵک وەرگرتن لە زانیاریی زانستی و ئابوری و سیاسیەکانی قۆڵەکانی سیاسی و زانستی و ئابوری و ناوەندەکانی ستراتێژێکی رۆژئاوا نەبەستووە بەڵکو سەرچاوەی زانیارییەکان مێدیای رۆژانەیە.
بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڵوگۆڕی ناو ئێران بەشی دووهەمی هۆیەکانی گۆڕینی ستراتێژی حزب لە کۆنگرەی ١٣ دیاری دەکات. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەلێک لە ساڵانی پێشتر ئاڵۆزترە و دورنمای سیمایەکی سیاسی هێمنانە بەم زووانە بەدی ناکرێ. تەشنەساندنی ئەم ئاڵۆزیانە لە ڕێگای چالاکی ئیسلامیەکانەوە زۆرتر لە راستی دەچێت, ئەوەش دەتوانێ ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بەرێت و بەشێکی زۆرتری وڵاتە عەرەبیەکان و ئیسلامیەکان بخاتە گێژاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆرترەوە. ئەوەی ئەم پرۆسەیە چەند ساڵ و چەند دەساڵ دەکێشێ روون نییە. ئەوەش کە ئامریکا و هاوپەیمانانی تا کەنگێ دەتوانن بوودجەی خەڵکی وڵاتەکانیان بۆ شەڕ بەکار بێنن و کەی قەرزەکانیان قەرەبوو دەکەنەوە پرسیارێکی ترە. پرۆژەی بە دێموکراسی کردنی ناوچە ویستی دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە نییە و ئامریکاش ناتوانێ هەمان مامەڵەی ئەفغانسان و عێراق لە گەڵ ٢٢ وڵاتی عەرەبی و وڵاتانی تری ئیسلامی ناوچەکە بکا و دێموکراسی عێراقی_ئەفغانی جێ بەجێ بکات. حزبی دێموکرات وڵامی هیچ کام لەو پرسیارانە ناداتەوە, سناریۆیەکی دلخوازی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست دارشتووە و رۆڵی دابەش کردووە و بەو ئاکامە گەیشتووە کە دێموکراسی بە رێوەیە و دەبێ خودموختاری بکات بە فدرالیسم .
من پێم وایە حزب شەهامەتێکی گەورەی بۆ گۆڕینی ستراتێژیەکەی بە خەرج داوە ولە هەمان کاتدا درزێکی گەورەی خستۆتە ناو بونیادی فکری و سیستمی تەشکیلاتی و رەوانی و مێژوویی حزبەوە. ئەوەی رابەری حزب چەندە دەتوانێ سیستمی نوێ لە سەر بونیادی ستراتێژی نوێ دابڕێژێ و چەندە دەتوانێ ریزەکانی خۆی راگرێ و بە چ بەرنامەیەک دەتوانێ فکری ٦٠ ساڵەی خەڵکی ساکاری رۆژهەڵاتی کوردستان بگۆڕێ، هیچی روون نییە. ئەوەش فیدرالیزمی حزب چ تەوفیرێکی لە گەڵ فیدرالیزمی هێزەکانی تری رۆژهەڵات هەیە پرسیارێکی ترە. ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و سەرجەم پۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنی ئێران یارمەتی پرۆژەی حزب نادەن و لەم ئاستەشدا حزب ئەرکێکی گەورەی بۆ روون کردنەوەی سیاسەتی تازەی خستۆتە سەر شانی ئەندامە پاسیوەکانی خۆی کە لەوە ناچێ گوڕێکی تازە بە خەباتی حزب بدەن. دوربوونی حزب لە چالاکی سیاسی رۆژانە لە وڵات حزب و رابەریەکەی بەرەو نەوعێک مەحفل بازی و زهنی گەرایی دەبات، ئەوەش بۆ حزبێک کە ٦٠ ساڵ رەگ و ریشەی لە ناو خەڵکدا داکوتاوە گەلێک تراژێکە. جێگای بەتاڵی دارێژەرانی بەرنامە و ستراتێژی حزب واتە دوکتور قاسملو لە هەمو کاتێکی تر لە ناو حزبدا بەرچاوترە. بەرەی نوێی ناو حزبێش کە بەشی زۆری بەدەنەی حزب پێک دەهێنێ، هێشتا ئەو هێزەی نییە کە حزب لەم گێژاوەی کە تێیدا بەسەر دەبات رەها بکات. دڵخۆشی حزبیش بە هێزە لاوازەکانی نەتەوەکانی تری ئێران بۆ داسەپاندنی فیدرالیسم لە گەڵ گەلێک کەندوکۆسپ رووبەروە کە حزب باسیان ناکات. هەمووی ئەوانە ئەرکی حزب دژوارتر دەکەن. ئاواتی نووسەری ئەم دێرانە زاڵ بوونی حزبە بە سەر هەموو تەنگ و چەڵەمەکانیدا. نووسینی ئەم بابەتەش تەنیا بۆ گەیشتن بەم ئاواتەیە. لاشم وایە حزب تەنیا لە دیالۆگی چڕوپڕ لە گەڵ ئەندامانی خۆی و هێزەکانی ترو تاکەکانی کۆمەڵگاکەماندا دەتوانێ ستراتێژییەکی قورس و قایم پەیدا بکات. لە ئاکامدا هەر کۆی تاکەکانی خەڵک دەبێ بڕیار بدەن کە خودموختاریان دەوێ یان فیدراڵی و کۆنفیدرالی یاخۆ سەر بەخۆیی. کە وایە دارشتنی پرۆژەی نەتەوەیی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری هەموو لایەک مێسەر دەبێ و تەنیا رێگا چارەش خەڵکی کوردستان دیاری دەکات. ئەگەر بەم ستراتێژیە نەگەین لە کاتێکی تردا هەمان چارەنوسی باشور لە رۆژهەڵات دوبارە دەبێتەوە.
خەرمانانی ٢٧٠٤ ٢٠٠٤/٩/٣

## فدرالیسم مودێلێکی کۆن بۆ ئێران

ئەگەر ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩) پاش روخانی رژێمی شاهەنشاهی, مۆدێلی فدرالیسم بۆ ئێران پێشنیار و جێگیر کرابا, ئەوە نەتەوەکانی سەر سەرزەمینی ئێران لە سەر خاکی باب و باپیرانیان لە وڵاتی خۆیاندا دەیانتوانی ژیانێکی هاوبەش بە شێوەیەکی دیموکراتیکتر لە رژێمی پێشوو لە گەڵ یەکتر تاقی بکەنەوە. مودێلێکی وا بۆ هەموو ناوچەکە دەیتوانی گەلێک پێشکەوتنخوازانە بێ و پێش بە رووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکان بە تایبەت رووداوەکانی کوردستان بگرێت. ئەو کات نە لە ئێران و نە لە ناوچەکە و نە لە ئاستی دەوڵەتانی رۆژئاوا بۆچونێکی وا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئارادا نەبوو. رژێمی تۆتالیتێری ئیسلامی ئیلاهی ئێران کەوتە گیانی نەتەوەکانی کورد, ئازەری, عەرەب, بەلوچ و تورکمان و وڵاتەکانی کوردستان , ئازەربایجان, عەرەبستان, بەلوچستان و تورکمەنستانی لە خوێندا گەوزێندرا . ناوچەکەش لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابوردودا کەوتە ناو سێ شەڕی ناوچەیی و جیهانی و گەلێک کارەساتی دڵتەزێن و تراژدی کەم وێنە رووی دا.

لەو ٢٥ ساڵەدا ئەوەی کە نەدەبو بە سەر کورد لە هەموو پارچەکان بهاتبایە, هات! لە راستیدا ئاخر چارەکە سەدەی, سەدەی بیست گەورەترین کارەساتەکان بە سەر کورددا داسەپێندرا. ئەنفال, هەڵەبجەو رەوەکەی باشور, کوشتاری بە کۆمەڵی شارو گوندەکانی رۆژهەڵات, خاپورکردنی ٢٥٠٠ گوندی باکورو هەزاران کوژراو و بە ملیۆن ئاوارە, بێ ناسنامەکردن و راونان و بێ بەش کردنی کوردەکانی رۆژئاوا لە هەموو مافەکانی ئینسانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی, بەشێکن لەو کارەساتانە.

ئەمرۆ وەزعی ئەو وڵاتانەی کە بوونەتە خاوەنی کوردستان لە لایەک و وەزعی جیهان بە گشتی لە لایەکی تر, ئەو هێمایە لە دڵی کورددا دروست دەکا کە ئازارەکانی ٢٠٠٠ساڵی رابوردو, لەوە ناچێ دوبارە بکرێنەوە. کە وایە کورد نابێ بە مەزەندەی سەدەی بیست و سەدەکانی پێشوو مامەڵە لە گەڵ خۆی بکات.
تاقیکردنەوەی ٢٥٠٠ ساڵ ژیانی بێ ماف لە گەڵ پارسەکان دورنمای ئەوە نادا کە ئەو نەتەوەیە بەگشتی و رۆشنبیران و سیاسەتمەدارەکانیان بە تایبەتی دەست لە بیر وفکری فارس سالارانەی خۆیان هەڵبگرن. جیابوونەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس لە فارسەکان یارمەتی بە فارسەکانیش دەکات کە خۆیان بدۆزنەوە و بیر لە کیانی نوێی خۆیان بکەنەوە. هەروەها تاقیکردنەوە ژیانی ٥٠٠ ساڵە لە گەڵ تورکەکان ئەوە دەردەخات کە کورد و میللەتانی تر تەنیا کاتێک دەتوانن لە گەڵ ئەواندا بژین کە ببنە خزمەتگوزار و داری ئاوری شەڕ و پاسەوانی فەرهەنگ و زمان و کیانی ترکەکان. ٨٠ ساڵ ژیان لە عێراق و سوریاش بۆ کورد جگە لە سووتانی وڵات و تواندنەوەی ئەتنیکی چی تێدا بەستە نەبووە؟

ئەمە مێژووی نەتەوەی کوردە لە گەڵ تورک و عەرەب و فارس, بێ گومان تاقیکردنەوەی کوردەکانی دانیشتوی قەفقازیش لە تەک ئازەری و ئەرمەنی و قازاق و روس کەم تا زۆر تاقیکردنەوەێکی تاڵ و ناخۆش بووە.
کەوایە ئەو سیاسەتمەدار و هێز و حزبانە کە چارەنووسی ئەمڕۆ و پاشەرۆژی نەتەوەی ٤٠ ملیونی کورد جارێکی دی لە گەڵ ئەم نەتەوانە لە چوارچێوەی فدرالیسمدا گرێ دەدەن, چاو لەو مێژووو راستیانە دەنوقێنن و یان چەواشەی دەکەن. هیچ نیشانێک لەوە نابیندرێ کە ئەو میللەتانە و هیزەکانیان گۆڕدرابن و کورد و نەتەوەکانی دی هاوسەنگ و هاو ماف لە گەڵ خۆیان ببینن. تۆ بڵێی فەرهەنگی ٢٥٠٠ساڵەی فارس, فەرهەنگی ١٤٠٠ساڵەی عەرەب و فەرهەنگی ٥٠٠ ساڵەی تیرۆر و شەڕو داپڵۆساندن لە ناو ئەو نەتەوانە و رابەرانیاندا گۆڕابێ! کام نیشانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و رەوانی شایدی ئەم گۆڕینەیە؟ کورد وەک کەمەنەتەوەیەک لە هیچکام لەو وڵاتانە کە دیموکراتریکترین فدرالیسمی خەیاڵی تێدا پێک بێ, ناتوانێ بە تەنیا بیر لە قازانج و بەرژەوەندی سیاسی, ئابوری و فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆی و وڵاتەکەی بکاتەوە، بەڵکو دەبێ لە پێشدا بەرژەوەندی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا لە پلەی یەکەمدا بێ, ئەوەش مانای ئەوەیە لە پێشدا بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکی عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا بپارێزرێ, کارێک کە کورد ٢٥٠٠و ١٤٠٠و ٥٠٠ساڵە پیشەیەتی، جا چ بە ناوی شای شاهان یان سوڵتان و خەلیفەکان, سبەینێش بە ناوی دیموکراسی و فدرالیسم! فدارالیسم لەو وڵاتانەدا لە هەر حاڵەتێکدا بە سوودی نەتەوەی سەردەست و خاوەن زۆرینەیە. لەو وڵاتانە دموکراسی کراسێکی فشە کە خەریکن بە زۆری بە بەریاندا دەکێشن. هیچکام لەو میللەتانەش تا ئەو جێگایە بۆیان بکرێ مل بۆ کورد شۆڕ ناکەن و هەموو ئیمکاناتیان هەر لە چوارچێوەی فدرالیسمەکەدا بەکار دەهێنن بۆ وەرگرتنی مافی زۆرتر بۆخۆیان, بە پێی ئەوەش کە هەتا ئەمرۆ ئەوان ئاغا و سەروەر بوون و دام ودەزگاکان و هەموو داهاتی وڵاتەکەو هەموو پێوەندیەکانی سیاسی و ئابوری ودیپلۆماسی و ئیداری ناوخۆ و دەرەوە لە دەست و قەبەزی ئەوان دابووە, کورد ناتوانێ بە لانی کەمەوە لە دە ساڵی داهاتوودا لە ناو ئەو سیستەمەدا ببێتە خاوەن هێز و سیستم و دەستەڵاتی خۆی.
بە پێچەوانە ئەگەر کورد لەو رۆوە هەتا دەساڵی ئاینده هێزو وتوانای خۆی بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی کیانی خۆی بەکار بێنێ, داهاتووی دەتوانێ روونتر بێ. تاقیکردنەوەی وڵاتانی پاشماوەی شورەوی و باڵکان و سەرجەم بلوکی رۆژهەڵات سەلماندنی ئەم بۆچوونەیە.
ئەوەی پێمان وابێ کە فدرالیسم لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا چارەسەری مەسەلەی کورد دەکات، خۆشخەیاڵی تەواوە. ئاڵمانی فیدراڵ یەک نەتەوە و یەک زەمان و یەک فەرهەنگ و یەک سیستمی ئابوری هەیە, بەڵام سەدان گیروگرفتی سیاسی, ئابوری و قانونی فیدراڵی وڵاتەکەی ئیفلیج کردوە و دەیان قەیرانی ورد و درشت وڵاتەکە بەرەو

قەیرانی مەزنتر دەبا, هەربۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ قانونەکانی فیدراڵ مل کچی قانونی برلین دەبن, تەنانەت سەنترالەکردنی قانونەکان لە یەکەتی ئوروپا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبون دایە. ئەوەش پێوەندی بە وەزعی ئابوری و سیاسی جیهان و ڕۆلی ئوروپا لە حاند ئامریکا و ژاپۆن و چین دا هەیە. بێ گومان ئەو وەزعە کار لە سەر هەمو جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەکا و ناوچەکە هان دەدا بۆ دروستکردنی بازاری گەورەتر, سیاسەتی ناوەندی تر و ئابوری چڕو پرتری سەنتراڵ. هەر بۆیە عەرەبەکان بیر لە هێزی هاوبەشی سیاسی و ئابوری و بازاری خۆیان دەکەنەوە و کوردیش وەک عەرەب دەبینن. تورک لە فکری پان تورکیزم و بە یەک کردنی هەموو تورک ڕەگەزەکاندایە بە کوردیشەوە, فارس دەمێکە بیر لە ئێرانی مەزن بە بەشداری هەموو فارس زمانەکان و موسڵمانەکان لە لایەک و لە لایەکی دی دەکاتەوە.

<u>لەم ناوەدا تەنیا کوردە کە پرۆژەی نییە و وەدوای سیاسەت دەکەوێ, سیاسەتێک کە خۆی لە دارشتنیدا ڕۆڵی نییە.</u>

<u>هەتا ئەو کاتە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا خاوەنی پرۆژەی خۆی نەبێ, چاوەروان ناکرێ داهاتوو بۆ کورد روون بێ.</u>

١,١٠,٢٠٠٣ ٩ی ڕەزبەر ٢٧٠٣- ئاڵمان کوڵن

## رۆژهەڵاتی کوردستان, خەون و خەمەکانی ناسر و مەرزیە

هونەرمەندان مەرزیە خانم فەریقی و ناسر رەزازی لە بانگەوازێک دا (٢٠٠٣/٦/٢٧) کە روی لە خەڵکی کورد, رۆشنبیران, نووسەران و هونەرمەندانە, داوایان کردوە بەرەوپیری بانگەوازەکەیانەوە بێن و پشتیوانی لە داخوازیەکانیان بکرێ. ئەم بانگەوازە کە نیشانەی خەم و خەونەکانی دوو هونەرمەندی سیاسی کوردە لە ماڵپەڕی بروسکەدا لە رۆژی ٢٠٠٣/٦/٢٧ بڵاوکراوەتەوە. مەرزیەخانم و کاک ناسر پاش دەربڕینی بیرو بووچونیان لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان خواستەکانی خۆیان لە ٥خاڵدا دەربڕیوە کە جێگای سەرنجن:
[١.کورد دەبێ ئەم پرسگرێکی خۆی بگەیێنێتە: کۆمەڵگای ناونەتەوەیی یەکان, پارلەمانی وڵاتان, شوێن و سازییە خێرخوازەکان و سازمانە ناونەتەوەیەیەکانی مافی مرۆڤ و شوێنی بگرین, ئەگەر ئێمە خۆمان تێنەکۆشین بۆ جێبەجێکردنی ئەم تاوانگەلە بەرانبەر بە کورد, دەبن بە لەمپەر و بەرگر لەم رێگایەدا و زمانی دیپلۆماسییەتی کورد لاواز دەبێ.]
ویستی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان, ویستێکی سیاسییە, کە لە دوو رژیمی شاهەنشاهی و ئیسلامی دا نەهاتۆتە دی و رەنگە بە رووخانی کۆماری ئیسلامیش لە چوارچێوەی هێزەکانی سیاسی و نیزامی ئۆپۆزسیۆنی ئەمرۆی ئێرانیشدا نەیاتە دی!؟ کە وایە ئەمە سیاسەتێکی ژیرانەیە کە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە جیدی داواکانی سیاسی خۆی بکێشێتە بەر دەم رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان, پارلەمانەکانی ئامریکا, ئوروپا و وڵاتانی ئەندامی گ٨ و...!
ئەوەی هێزەکانی ئەمرۆی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان داواو ویستی سیاسی خەڵکی کوردیان وەک بەرنامە گەڵاڵە کردبێت جێگای پرسیارە و نیشانەیەک لە گۆڕێ دانیە بۆ بەرنامەیێکی هاوبەش, بشێوی فکری و بەرنامەیی سەردەمی (هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەساڵی ١٣٥٨) ئەمرۆش بەدی دەکرێ. ئەوەش کام هێز ئەم داوایانە لە ئاستی ناونەتەوەییدا بخاتە بەر دەست کۆمەڵگای جیهانی پرسیارێکی ترە!
[٢.ئێمە داوا لە حزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەکەین کە ئاگادار بن و وشیارانە هەنگاو هەڵگرن, لەم کاتەدا ئەوان دەبێ خۆیان بۆ هەر رووداوێک کە لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان روو دەدا» ئامادە بکەن و هەڵسووڕانە تێیدا بەشداری بکەن و بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی پێکەوە خەبات بکەن.]
مەرزیە خانم و کاک ناسر لە خاڵی سێهەمدا دەنووسن:[...ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە حزب و سازمان و رێکخراوەکانی کوردستانی بندەستی ئێران یەک بگرن و لە پلاتفۆرمێکدا بانگ و هاواری ئەم خەڵکە چەوساوەیە بە دنیا بگەیێنن و لە یەخسیری دەربێنن؟!]
کوردستان بە هەمو خەڵکی کورد رزگار دەکرێ و ئەرکی تاکە تاکەی ئەندامانی کۆمەڵگاکەیە بۆ ئازادی وڵاتەکەیان تێبکۆشن.
کوردستان تەنیا بە حزبی دێموکرات و کۆمەڵە نە رزگار دەکرێ و نە بە رێوە دەچێ! حزب و کۆمەڵە بەشێکن لە هێزی ئۆپۆزسیونی رۆژهەڵاتی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی! ئەمرۆ بە پێچەوانەی ساڵی ١٣٥٧ رۆژهەڵاتی کوردستان, چەند رێکخراوی سیاسی و نیزامی و بە هەزاران کەسی چالاکی سیاسی ناحزبی هەیە, وەلا خستنی هەرکام لە وانەناتوانێ سیاسەتێکی سالم بێ. جگە لە حزبەکان هەر وەک لە بانگەوازەکەی مەرزیەخانم و کاک ناسردا هاتوە,, رۆشنبیران, نووسەران, هونەرمەندان,, و توێژەکانی تری ئینسانی و فکری و سیاسی کورد هەن, کە ئەندامی هیچ حزب و دەستەیەک نین بەڵام هێزو توانای فکری و زانستی و رۆشنبیری و هونەری و سیاسی خۆیان بۆ پێش خستنی دۆزی کورد بەکار هێناوە و بەکار دەهێنن, بە تایبەت زیاتر لە بیست ساڵە لە ناوخۆی وڵات ئەم هێزە کارێکیان کردوە کە بە هیچ رێکخراوێکی دەرەوەی کوردستان نەکراوە, ئەوانە دەبێ لە هەر بارودۆخێکدا لە لایەن حزبەکانەوە حیسابی جیدیان بۆ بکرێ و بەشداری بریاردەر بن, کارێک کە لە باشوری کوردستان نِەکراو بە شێوەی ناحەز وەلایان نان. پِەشێکی تری ئەم هێزە لە دەرەوەی وڵاتن کە رەنگە قورسایی سیاسیان, وەک هێزی ناوخۆ نەبێ, حزبەکان نابێ بە سەر ئەوانەشدا باز بدەن. رزگاری کوردستان کارێکی نەتەوەییە و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاکە دەبێ تێدا بەشداری بن.
ئەوەی کە پڵاتفۆرمێکی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی پێویستە جێگای پرسیار نییە, ئەوەی جێگای پرسیارە ناوەرۆکی پڵاتفۆرم و مکانیسمی پێویستی پڵاتفۆرمەکەیە, کە حەقە بکەوێتە بەر باسی گشتی و لە ناو یەک دوو رێکخراودا قەتیس نەکرێ.

٢٠٠٣/٦/٢٧ ٦ی ئووشپەر ٢٧٠٣-ئاڵمان

**پەیامەکەی بەرێز عەبدوڵڵای موهتەدی**

عەبدوڵڵای موهتەدی لە نووسراوەیەکدا که ٢٠٠٣/٧/٧ نووسراوە و لە ماڵپەری بروسکە ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/٩بڵاوکراوەتەوە لە وڵامی "چەند نامە و پەیام" دا, بیروڕای خۆی و ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی لە مەڕ" پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی" دەربڕیوە. هەرچەند ئەم پەیامە وڵامدانەوە بە بانگەوازەکەی مەرزیە خانمی فەریقی و ناسری ڕەزازییە, بەو حاڵە روی لە کەسانی تریشە و دەکرێ ببێتە سەبەبێک بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز لە سەر بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
سەرەتا دەبێ بگوترێ باسی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش رووخانی کۆمارەکەی سەدام حوسێن بە دەستی ئامریکا و بریتانیا لە لایەن کۆمەڵێک کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە کایەوە, لەوانە نووسەری کتێبی "چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان, کۆمەڵە و دۆزی ناسیونالّی کورد" ئەیوب ئەیوب زادە! ئەیوب زادە لە نووسینەکەیدا کە لە ماڵپەرەکانی" بروسکە و کوردستان نێت و ڕۆژهەڵات"دا بڵاوکراوەتەوە, لە دەرگای ئەم باسە دەدا و پاشان لە ژوورەکانی پاڵتاک لە سەری قسە وباس دەکرێ و بەرپرسی" یەکیەتی شوڕگێڕانی کوردستان" حسێن یەزدانپەناش لەم باسانەدا بەشداری دەکا و بیروڕای خۆی و ڕێکخراوەکەی ڕادەگەینێ. سەرهەڵدانی دوبارەی باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ بانگەوازەکەی مەرزیە و ناسر ڕەزازی. کە وایە باسەکە ناگەڕێتەوە بۆ چەند ڕۆژی رابوردوو کە عەبدوڵڵا موهتەدی باسی دەکا.
پەیامەکەی موهتەدی لایەنی تەبلیغاتی و خەبەری هەیە, خەبەری ئەوەی" ئێمە لە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەدا تەنانەت گەڵاڵەی پێشنیارکراومان ئامادە کردووە و هەر لەم ڕۆژانەدا پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دەکەین و هیوادارین وەڵامی موسبەتیش وەربگرینەوە."
وێدەچێ بەرپرسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران, پێکهێنانی "بەرەی کوردستانی" بە کاری دوو کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و حزبی دێموکرات بزانێ! پاش ئەوەی" وەڵامی موسبەتیش"یان وەرگرتەوە, رەنگە بە دوو قۆڵی بانگ لە ڕێکخراوەکانی تر و خۆیان وتەنی"کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری" کوردستان بکەن بۆ ئەوە لە گەڵ"بەرەی کوردستانی" بکەون.
ئەم بۆچوونەکلاسیکە کە لە ناو هەمو دەستەکانی فکری و سیاسی جیهان و ناوچەکەی ئێمەدا هەبوە و ئێستاش هەیە, بنەماکەی لە سەر وەلانانی "غەیری منە!!", وەک ریکخراو تاکە کەس! لێرەوە دێموکراسی دەست پێناکات!! بەڵکوبنەمای دژ بە دێموکراسی دادەرێژدرێ. بەرپرسی کۆمەڵە دەبێ باش بزانێ گەڵاڵەی بەرەیەکی سیاسی بۆ وڵاتێک کە فرە حزبیە و چین و توێژی جیاوازی تێدایە و هەزاران خەباتکاری سیاسی,کۆمەڵایەتی,ڕۆشنبیری و فەرهەنگی ناحزبی هەیە, کارێکی گشتی عەلەنیە! ئەگەر ئێوە لە گەڵ حزبی دێموکرات دەخوازن هاوکاری بکەن و یان بەرەی حزب و کۆمەڵە پێک بێنن, مافی خۆتان و کۆمیتەی ناوەندیەکانتانە, پێشنیار بە یەکتر بدەن و بەرەی خۆشتان پێک بێنن, بەڵام ئەم بەرەیە بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم چین وتوێژ و دەستەو گروپەکان وخێڵی گەورەی ڕۆشنبیری, فەرهەنگی و سیاسی نییە. ئەگەر ئێوە وەک کۆمەڵەی شوڕشگێڕانی کوردستانی ئێران گەڵاڵەتان بۆ"بەرەی کوردستانی" هەیە بە عەلەنی وەک ئەم پەیامە(کە بڵاوتان کردۆتەوە) بۆ هەمو خەڵکی کورد و بیروڕای گشتی بڵاو کەنەوە و بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکرات و باقی ڕێکخراوەکانیشی بنێرن تا ئەم ئاواتانەتان بێتە دی[٣]:
"- پێشوازی و پشتیوانی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان..........
- تینێکی تازە دەخاتە ناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و....."

١٦ی گەڵاوێژ ٢٧٠٣ ئاڵمان ٢٠٠٣/٧/٩

[٣]- لە وتەکانی عەبدوڵا موهتەدی سکرێتێری کۆمەڵەی شۆرشگێری کوردستانی ئێران

## ڕابوردوو, داهاتوو, پلاتفۆم بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟

<u>لە بۆشایی سیاسییەوە هەتا جەنجاڵی سیاسی</u>

جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابوردوودا لە گەڵ گەلێک ڕوداوی دڵتەزێن ڕوبەڕو بووە کە بەشی زۆری راستەوخۆ پێوەندی بە دوژمنانی کوردەوە نەبووە, بەڵکو پێوەندی راستەوخۆی بە کورد خۆی و حزبەکان و رۆشنبیرەکانیەوە هەبووە.
هاتنی چریکی فیدایی و دەیان رێکخراوی وردو درشتی تر بۆ کوردستان، وەگڕ کەوتنی چاڵاکی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, حزبی توده و ,,جمعیت دفاع از زحمتکشان,,کە ببوە مەکۆی هەموو فکره ئاڵۆزەکان, لە ناکاو کۆمەڵگای بە ساڵان کپ و کڕی سیاسی کوردستانی کردە مەیدانی رمبازێنی سیاسی و نیزامی.
بۆ ئەو وزعە تازە سیاسی- فکریە، هیچ پێش زەمینەیەکی مەنتقی و پرۆسەیەک لە ئارادا نەبوو, لە پڕێکا هەزاران خوێندکار,کارمەند, موعەلیم و خەڵکی تر کەوتنە ناو حزب و دەستە و گروپە رەنگاورەنگەکانەوە. ئاسمانی فکری و سیاسی کوردستان لە رێگای ئەوگروپانەوە وا ئاڵوز ببوو کەس بە زەحمەت دەیتوانی بزانی چی بە چیە! ئەم ئاڵۆزیە فکریە هیچ پێوەندێکی بە فرە حزبی و پلورالیسمەوە نەبوو, بەڵکو بەرهەمی ئانارشیسم و هەڵتۆقینی لە ناکاوی سیاسی لە ئێران و گۆڕانی رژیم لە تاران بوو,کە بۆ کوردستان سوودی نەدا و بە پێچەوانەوە جوڵانەوەی کوردستانی بە لا ڕێدا برد.
جگە لە سەردەمی «««هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد»»» بە بەشداری, دێموکرات, کۆمەڵە, فیدایی و دەفتەری ماموستا شێخ عزەدین, کوردستان کەوتە گێژاوی سیاسییەوە. دوو پارە بوونی حزبی دێموکرات و چریکی فیدایی و دروست بوونی حزبی کۆمۆنیست لە کوردستان بۆ ئێران, بەرهەمی ئەو گێژاوە سیاسی و ئاڵۆزیە فکرییە بوو.
ئەوەش کە لە کوردستان بۆ خەتێکی سیاسی لە رێگای سیاسی یەوە نەیتوانی هێژێمۆنی سیاسی پەیدا بکات, دەگەرێتەوە بۆ بۆشایی بیری سیاسی و حزبی سەردەمی رژیمی پەهلەوی لە کوردستان. گەرم بوونی جوڵانەوی سیاسی لە ئێران و گۆڕینی بەخێرای رژیم, دەرفەتی ئەوەی نە بە ئێراندا و نە بەکوردستان کە پرۆسەی سیاسی و فکری تێدا پێک بێ.
هەژاری سیاسی و فکری, کوردستانی بەرەو چارەنووسێکی تاڵ و مەرگەسات برد کە بە شەڕی دێموکرات و دێموکرات دەستی پێکرد و بە شەڕی کۆمەڵەو دێموکرات درێژەی پەیداکرد و بە تێکشکانی هێزی کورد لە حاند هێزەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی و داگیرکردنەوەی کوردستان کۆتایی پێهات.

<u>بەرپرسانی ئاڵۆزی و جەنجاڵی سیاسی لە کوردستان</u>

ئەو هێزانەی کە بەرپرسیار بوون لە ئەم ئاڵۆزیە فکری و سیاسی یە,بریتین لە حزبی تودەی ئێران, سازمانی چریکەکانی فیدایی, سازمانی ئەکسەریت و جەماعەتی ,,اتحاد مبارزان.,,
هێژمۆنی فکری و سیاسی و ئەزمونی تەشکیلاتی حزبی توده, توانی حزبی دێموکرات و چریکی فیدایی بکاتە دوو کەرت و بەشی زۆری فیدایش بە ناوی ئەکسەریت بۆ ناوخۆی راکێشێ. ,,اتحادی مبارزان,,یش توانی لە ژێرناوی حزبی چینی کرێکار, یەک بەرە (نەسل) لە سیاسی کارانی کورد بەرەو هەڵدری سیاسی و فکری بەرێ. دیارە حزبی دێموکرات و کۆمەڵە و کوردەکانی فیداییش لایەنی دووهەمی ئاڵۆزیە فکری و سیاسیەکە بوون.
لە پرۆسەیەکدا سێ جەریانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(پەیرەوانی کۆنگرەی چوار) و رێکخراوی کوردستانی سازمانی فیداییانی ئەکسەریت و رێکخراوی ئەیالەتی حزبی توده لە کوردستان وەک رێکخراو تووانەوە, بەڵام ئەو ئینسانانە کە لە بنەڕەتدا هەڵگری فکری حزبی توده بوون، هەر ماون و لە سەر ئەو بنەما فکریە درێژە بە ژیانی فکری و سیاسی خۆیان دەدەن.
بەشی دووهەمی جەریانی چەپی ئاڵۆز,کە لە ژێر چەتری(جمعیت دفاع لە زەحمەتکێشان)دا کاریان دەکرد، بوون بە دوو کەرتی سەرەکێ, دەستەی یەکەم ئەو نەکوردانە بوون کە پاش داگیرکردنەوەی کوردستان گەڕانەوە باقی شوێنەکانی ئێران ویان گەڕانەوە بۆ ئوروپا. دەستەی دووهەم واتە کۆمەڵەی کوردەکان و,,اتحاد مبارزان,,, بوونە حزبی کۆمۆنیست و کۆمۆنیستی کارگەری و ئێستاش بوونەتەوە کۆمەڵەی بەر لە ساڵی ١٣٥٧ بە پێی قسەکانی خۆیان. ئەندامانی ئەو هێزە کە ئێستا لە سێ رێکخراوی دژ بە یەکدا کار دەکەن, خاوەنی ئاڵۆزترین فکری سیاسی ئەمرۆی رۆژهەڵاتی کوردستانن, کە نە لە گەڵ یەک دەتوانن کار بکەن و نە دەیانەوێ لە گەڵ یەک بکەونە دیالۆگ. ئەوەش نە لە گەڵ فەرهەنگی سیاسی سەردەمدا دەگونجێ و نە یارمەتی کەم کردنەوە ئاڵۆزی فکری و سیاسی دەدات.
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پاش ساخکردنەوەی دوبارەی خۆی لە مەرحەلەی یەکەمدا وەک ساڵانی ٥٨ و ٥٩ کەوتە تەبلیغات و هێزکۆکردنەوە. بۆ ئەوەش لە هەموو ئیمکانەکان کەڵکی وەرگرت, ئێستاش لە مەرحەلەی دووهەمدا خەریکی بەرنامە و خۆسازکردەنەوەی فکرییە، کە بۆ ئەو مەبەستە, دیسان پێویستی بە تێئۆرسین هەیە. جێگای تیئۆرسێنە فارسەکان ئەمرۆ دراوە بە کوردەکان, ئەویش ئەو کوردانە کە نوێنەری بەرچاوی فکری سیاسی رەوتی توده-ئەکسەریت بوون. هەرچەند ئەمرۆ هەر سێ کۆمەڵەکە وەک کورد گەلێک نووسەرو سیاسەتمەدارو پیری ئیدۆلۆگیان هەیە, کە

ئینسانی سەرگۆی زەوی لە ڕەنجی سەر زەوی ڕزگار دەکەن, بەو حاڵە مێتۆدەکانیان, سیستمی فکریان و سیستمی ڕێکخراوەییان مزگێنی نوێ بوونەوەیەکی سیاسی و فکری نادات.
حزبی دێموکرات کە بەلانی کەمەوە لە نەزەر ڕەوانی و ئێحساسی و کوردبوونەوە خەڵکی کوردی لە گەڵ بووە و سەرمایەیەکی سیاسی گەورەی وەک کۆماری کوردستانی لە پشت بووە و خاوەنی بەرنامەی دارێژراو بووە, پاش کوشتن و تیرورکردنی دوکتور عەبدولڕحمانی قاسملو و دوکتور سادق شەرەفکەندی و دورکەوتنەوەی گەلێک کەسی شارەزا, دوچاری داکەوتنی سیاسی بووە و لە حاند زەمان و سەردەمدا ناجولێتەوە و لە باری سیاسی, ستراتێژی و تاکتیک و لە باری بەرنامە و دیپلۆماسییەوە، بێ گۆڕان ماوەتەوە و لەوە دەچێ لە سەدەی بیست ویەکدا چاوەڕوانی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ بێ!

وڵامی سەردەم و بەردەوامی ئاڵۆزی فکری

هەمووی ئەوانە و ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی و ناوچەیی لە باری سیاسی, ئابوری, فەرهەنگی, تەکنیکی, دیپلۆماسی و ژئۆپۆلیتکییەوە, جوڵانەوی کورد بە گشتی و جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی, خستۆتە بەر دەم گەلێک پرسیاری جیدی و تازەوە کە بێ وڵام ماونەتەوە. بۆ ئەوەی جارێکی دی هێزەکانی سیاسی ڕۆژهەڵات وەک باشور بە سەر وەزعەکەدا نەرووخێن, هێندێک لە هێزەکانی سیاسی و کۆمەڵێک ئینسانی سیاسی حەولی یەک خستنی ریزەکانی سیاسی کورد و تاکەکان دەدەن, یەکەم هەڵمەت بۆ یەک خستن« بەرەی کوردستانی» بوو, کە پێش ئەوەی ناوکی بوڕن, کەوتە گۆمی فەرامۆشییەوە. بە شوێن ئەوەدا کۆڕ و کۆمەڵ کەوتنە بەرنامەنووسین و پلاتفۆرم دان بۆ ئەوە ئاڵۆزی سیاسی جێگای خۆی بدا بە بەرنامە و ڕێکخراوەکان و تاکەکان لە دەوری یەک کۆبنەوە.
ڕەوتی بە بەرنامەکردنی کار و چالاکی سیاسی لە دەرەوی وڵات سەری هەڵداوە. کوردەکانی دەرەوەی وڵاتیش لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابوردودا دوچاری هەمان گێژاوی سیاسی بوونە کە حزبەکان دوچاری هەن. ئەو هێزە پێک هاتوە لەو کەسانەی کە لە حزبی دێموکرات( هەموو باڵەکانی), چریکەکان (هەموو باڵەکانی) , کۆمەڵە (هەموو باڵەکانی) جیا بوونەتەوە, و بوونەتە چەند دەستە و گروپ کە لەو چارەکە سەدەیەدا، کاری سیاسی جۆراجۆیان کردووە و ئاکامەکەشی تا ئێستا بە ڕوونی دیار نییە.
کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوی وڵات خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی و ڕێکخراویی نییە. ئەو کەسانەش کە خۆیان بە ,,پ کاکا,, و پارلەمانی ئوروپاکەی و کۆنگرەی نەتەوەی و کۆنگرەی گەل و حزبی چارەسەری و دەزگاکانی تری ئەم جەریانەوە خەریک کرد بوو, ئاکامێکی دیار و ڕۆشن ناتوانن بدەنە دەست, جگە لەوەی ئەوانیش خۆیان ئیسباتێکن بۆ ئاڵۆزی فکری و سیاسی. تاک و تەراکانی تریش پاش سازکردن و تێکدانی دەیان کۆڕ و کۆمەڵ تاک و تەرا ماونەتەوە.
ئەو کەسانەش کە نوێترین کالای سیاسی بە ناوی پلاتفۆرم بۆ کوردستان دەنووسن و لە شەوی ٢٧ی مانگی ژانویەی ٢٠٠٤ لە پاڵتاک دەیدەنە ناساندن, بەشێکن لەو کەسانە کە لە زۆر درگایان داوە و ئێستا پۆزسیۆنی نوێیان پەیدا کردووە.

ئەوانە کێن و چیان پێیە؟

سەعید شەمسەدینی و ئەحمەد لبادی لە سەردەمی زاڵبوونی بیری تودەیی بە سەر ڕێکخراوی سازمانی فیداییانی ئەکسەریتدا, بەرپرسانی یەکەم و دووهەمی ئەو ڕێکخراوە بوون !! ئەوان پاش هەڵوەشانەوەی تەشکیلاتی پێشووی سازمان لە کوردستان و دەرکەوتنی کادرەکانی بەرپرسی پێشوو لە کوردستان, بوونە بەرپرسی ڕێکخراوەکە, و پاش کوشتنی محەمەد ئەمینی شێرخانی, سەعید شەمسەدینی بوو بە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە.
پاش هێرش بردنە سەر حزبی تودە و ئەکسەریت لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە, ئەوان و تەشکیلاتی حزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران(پەیرەوانی کۆنگرەی چوار) و تەشکیلاتی کوردستانی حزبی تودە, پەنایان بردە بەر حزبی شیوعی عێراق. ئەو دوو بەرێزە و دوو کەسی تر ئەندامانی کۆمیتەی کوردستانی ڕێکخراوی فیداییانی ئەکسەریت لە شاخ بوون، کە نزیکەی ٢٥٠ کەسیان لە بەر دەست دابوو! ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بە هەموو توانای فکری خۆیان حەولیان دەدا تەشکیلاتەکە لە تەشکیلاتی حزبی تودەدا بتاوێننەوە! لە کلاسەکانی ئیجباری خەڵکیان بە کتێبەکانی ,,بۆلیانووسکی,, و باسی ,, ڕێگای ڕوشدی ناسەرمایەدارییەوە,, خەریک دەکرد و گوێیان لەوە نەبوو کە زبرو زەنگی کۆماری ئیسلامی, ئەوانی ڕاو ناوەتە ئەو کێو وشاخە. ئەوەی ئەو ٢٥٠ کەسەی ئەکسەریت و چەند سەد کەسی حزبی تودەو و کۆنگرەی چوار, چیان بەسەر هات, باسێکە کە من ٢٠ ساڵ لەوە پێش نووسیومەو بڵاوی دەکەمەوە[٤]! بەڵام بۆ ئەوە پرسیارەکە بێ وڵام نەمێنێتەوە، دەبێ بڵێم کەسانێک لە شاخ وەبەر بۆمبارانی شیمیایی ڕژیمی سەدام کەوتن و مردن, کەسانێکی دی خۆیان تەحویلی کۆماری ئیسلامی داوە، لەوانەش کەسانێک دەستیان دایە قەڵەم و لە ڕۆژنامەکانی دەرەو و ناوەوەی کۆماری ئیسلامیدا، دژی جوڵانەوەی کورد و ڕێکخراوەکەی خۆیان شتیان نووسی. کەسانێک کەوتنە زیندان و کەسانێکیش سەریان بە ژێر گۆم دا کرا. کۆمەڵێک لە نەداری و بێ دەرەتانی بە ئێراندا بڵاو بوونەوە و بۆ ژیان و نەمردن دەجەنگان ویان خۆیان گەیاندە سۆڤێەت . کەسانێک لەوانە ژیانیان دوچاری زەجری ئەبەدی بوو, تاقمێکی دی خۆیان گەیاندە ئوروپا. لە ئوروپا زۆر کەس لە کوردەکانی فیدایی وەک ڕابەرانی سازمانی فیداییانی ئەکسەریت کەوتنە تیجارەت

---

[٤]- بروانە کتێبی"کردستان سرزمین ربجها و تجربەها" بە زمانی فارسی کە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاو بووتەوە/

و پوڵ کۆکردنەوە, دەستەیەکی کەم دەستیان بە خوێندن کرد و بێ دەنگ مانەوە. تاقمێکی گچەکەش لە کاری سیاسی و هونەری و نووسیندا ژیانیان بەردەوام کرد.
سەعیدی شەمسەدینی و ئەحمەد لبادی کە لە ڕێگای سۆڤیەتەوە گەیشتنە ئوروپا و بیست ساڵ بێ دەنگ بوون, بێ ئەوەی ئاوڕێک لە رابوردو بدەنەوە, دەگەرێنەوە سەر ماسەی سیاسەت و لە هەنگاوێکی گەورەدا دارێژری پلاتفۆرمی سیاسی دەبن بۆ کوردستان. بۆ من کە رۆژانێک لە گەڵ ئەو دۆستانە ژیاوم و ئاگاداری بیروبۆچوونەکانیان بووم, جێگای حەز بوو ئاگاداری بیرو بۆچوونەکانی ئەمڕۆیان بم و بزانم هاوڕێیانی کۆن چ شتێکی نوێیان پێیە, کە ئەوان لە رابوردو جیا دەکاتەوە!
کاتێک کاک «شەماڵ کاوە» لە سەرەتای ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٣دا دەقی نووسراوەکەیانی بۆ ناردم و پاشان زەحمەتی تەلەفون کردنی کێشا, هەستم کرد کە هاوڕێیانی بەرپرسی رێکخراوی کوردستانی ئەکسەریت(١٣٥٩-هەتا هەڵوەشاندنەوەی بێ دەنگی رێکخراوەکە), لە فۆنکسیۆنی تازەی خۆیاندا شتێکی نوێیان پێ نییە, جگە لەوەی رابەرانی فکری شەرقیان بە غەرب گۆڕیوەتەوە و دەرسەکانی تازەیان لە جیاتی مۆسکۆ و برلینی شەرقی، لە لەندەن و ناوەندەکانی تری رۆژئاواوە دێن. واتە دیسان تێزی رێگا حەلی مەسەلەی کورد دەبەسترێتەوە بە تێزەکانی ئەم یان ئەو ئاکادمێسێنی رۆژئاوا, بە وتەیەکی دی کۆپی کردن لە فۆرمی گلۆبالدا, دەبێتە ڕێگا چارە بۆ کوردستان!
٢٤ساڵ لەوە پێش من و ئەو کۆنە هاوڕێیانە خەریکی چەسپاندنی فکری ئۆلیانۆڤسیکی بووین لە مێشکی خۆمان و کەسانی دیدا, ئێستاش سەعید شەمسەدینی و ئەحمەدی لبادی و دۆستانیان لە چوارچێوەی فکری گلۆبال و کۆمەڵگای مەدەنیدا(کە ئەوەیان بۆ ئێران هی زەمانی مەشروتەیە لە کەوڵی تازەدا) رێگا چارە بۆ مەسەلەی کورد پێشنیار دەکەن. کارێک کە حزبی توودەی بێچارە!!لە مێژە لە ئێراندا باسی کردووە و ئێستاش باسی دەکات و کەس باوەڕی پێناکات!
دارێژەرانی پلاتفۆرم بۆ کوردستان، چەشنی بەڕێز,,عەبباس وەلی,, کوردستان و نەتەوەی کورد وەک پەدیدە و دیاردەی سەربەخۆ نابین. ئەوان کوردستان وەک,, ژێرپەدیدە,, چاو لێدەکەن و بۆ ماناکردنەوەی دەیلکێنن بە پەدیدەیەکی مەزنترەوە بە ناوی ئێران. ئەوەش بە ناوی زانست بە خەڵک دەفرۆشرن, کە فڕی بە سەر زانستەوە نییە و دێماگۆگی سیاسیە! زانست چکۆلەترین زەڕەی کائینات وەک مادەیەکی سەربەخۆ بەرەسمیەت دەناسێ وزانایان زانستیانە لێکی دەدەنەوە, بە بیر و زانستی ئەو بەرێزانە، وڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد لە دەرەوەی ئەو قانوونە زانستیە چاو لێدەکرێ!
دۆکەش هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە فێری بووین لە تاقی سەرەوەی زانست دەژمێردران و بە ناوی زانست دەچوونە کەللەی موبارەکی ئێمەوە, ئێمەش بە ناوی گۆپاڵی زانست لە کەللەی خەڵکی ترمان دەترنجاند! ئەم بنەما فکری و سیاسی و بگرە فەلسەفیە چەوتە، لە مێشکی هەموو ئێمەدا وەک تاک و لە حزبەکاندا وەک کۆ لە مێژە چەسپیوە و هەموو چارەنووسی کوردی بەرەو نادیار بردووە و هێزی فکری و مادی کوردی بە لاڕێدا راکێشاوە.
لە کۆنفرانسێکدا لە شاری بۆنی ئاڵمان لە ,, دوکتور عەبباسی وەلی,,م پرسی: ,, بۆ کوردستان وەک پەدیدەیەک (دیاردەیەک)ی سەربەخۆ چاو لێناکەی و نایخەیە بەر باس و لێکۆڵینەوە؟,, ئاغای وەڵی لە وڵامێکی کورتدا دەڵێن:
,, وەڵا تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە,,! ئاغای دوکتور زۆر راستگۆیانە وڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە. نازانم وڵامی شاگردەکانی چەس!

<u>پلاتفۆرمی ستۆکهۆڵم وێنەیەک لە ئاڵۆزی فکری</u>

بەڕێزانی دارێژەری پلاتفۆرم لە سەر هەمان فکر پلاتفورمەکەیان نووسیوە کە من لە خوارەوە دەقەکەی بڵاو دەکەمەوە و سرنجی خوێنەرانیش بۆ گۆڕینی ئەم پلاتفۆرمە لە کۆبونەوەی ١٨ ی ئۆکتوبری ساڵی ٢٠٠٣ لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوئێد رادەکێشم.
لە پاڵتاک لە ژووری ,,ئێرە دەنگی کوردستانە,, گوێم لە قسەکانی بەڕێزان ئەحمەد لبادی, سەعید شەمسەدینی, شەماڵ کاوە و ناسر رازازی بوو,کە پلاتفۆرمەکەیان بە بیسەران دەناساند! ئەم بە یەکەوە بوونە ئەو پرسیارە دروست دەکا: چۆنە ,, کۆنە تودەیی و ئەکسەریەتی[5],, و کۆمەڵەی کۆن و نوێ لە یەک نزیک بوونەتەوە و چۆنە حزبی دێموکرات دانشتنی لەگەڵ دارێژەرانی پلاتفۆرمەکە کردەوە؟ ئایا ئەوە مزگێنی تێگەیشتنێکی تازەی هێزەکانی کورد و تاکەکانە؟! ئایا ئەوە زیندووکردنەوەی,,هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردە,, لە سیمایەکی تازەدا؟ پرسیارەکە بۆ من زۆرتر لایەنی سیاسی و فکری هەیە نە شتی تر. وڵامی من لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵەدا ئەوەیە کە کۆمەڵە ئەوەی بۆ بۆتە عادەت کە نیازمەندی فکری و سیاسی خەڵکی تر بێت, خۆیان لە بەر هەڵات هەڵاتی رۆژانەی سیاسی, ناپرژێنە سەر بیرکرنەدەوی سەربەخۆ, هەر بۆیە ساخکردنەوەی نوێ کۆمەڵەش لە ناوەرۆک دا نە تەنیا تازە نییە, بەڵکو درێژەی کۆنەکەیە, رۆڵی ,,اتحاد مبارزان,,یش ئەمرۆ دراوەتە «کۆنە تودەی و ئەکسەریەتی», کە ئەوەیان تازەی تازەیە.
کۆمەڵە لەم دەورەیەدا کە دەیەوێت ببێتەوە هێزی دووهەمی کوردستان, نیازی بە هەرچەشنە هاوکارییەکی ناوخۆ و دەرەوە هەیە, ئەوەشیان باش لێکداوەتەوە! بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆنە ئەو دوو جیهانبینییە دژ بەیەکە, لە یەکتر نزیک بوونەتەوە و بەرنامەو تێروانی سیاسی هاوبەشی جیهانی و کوردستانی بە یەکەوە دادەرێژن؟ ئایا ئەوە تێگەیشتنی نویە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد؟! یان چەشنە دیپلۆماسییەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی تر!! کۆمەڵە و ڕابەرانی کۆمەڵە پێشترش هاوبیرانی نزیکی چریکی فیدایی بوون و بەرنامەی خودموختارییەکەیان رونووسی بەرنامەکەی چریکی فیدایی

[5]-"کۆنە ئەکسەریەتی" وێردی سەر زاری ناسر رەزازی بوو لە بەرنامەی هەلۆ واشنگتۆن-دەنگی کوردی ئەمریکا

بوو لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ لە گوندی شێنێ لە باشوری کوردستان[٦]، ئەوەش کە ئەمڕۆ بۆ هەمان مەبەست واتە بەرنامە بۆ کوردستان، کۆنە فیداییەکان داڕێژەری بەرنامەکەیانن، دووبارەبوونەوەی مێژووە کە هەڵکەوتێکی جێگای سرنج و ڕامانە! بریا پاش تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ ڕابەرانی کۆمەڵە بیریان لە بەرنامەی سەربەخۆی خۆیان بۆ کوردستان کردبایەوە. ئەوەش کە حزبی دێموکرات چرای سەوزی نیشانی داڕێژەرانی پلاتفۆرم داوە و لە گەڵ کۆمەڵە پشتیوانی پرۆژەکە دەکەن ڕەنگە دڵخۆشکەر بێت، بەڵام ئەوەی هەرکیان بەشداری گفت وگۆکانی پاڵتاک نەبوون و تا ئێستا بە نووسراوە هیچیان نەکوتووە جێگای پرسیارە!!

من وەک برایم فەرشی دژی لە یەک نزیک بوونەوەی هێزەکان و تاکەکانی کوردستان نیم و خۆشحاڵم کە دەستەکان یەک بگرن و فکرەکان لە یەک نزیک بنەوە. بەختەوری وڵات و نەتەوەکەمان و نە شتی تر، لە هەموو شت بەرزترە. ئێمە وەک تاک و کۆ دێین و دەروین، ئەوەی دەمێنێتەوە وڵات و نەتەوەکەو بایخەکانی ئینسانی و ڕاستییە، کە دەبێت لە سیاسەتدا ڕەنگ بداتەوە!

ئێمەی «کۆنە ئەکسەریەتی» بەر لەوەی بەرنامەی داهاتوو بۆ خەڵک داڕێژین گەرەکە ڕابوردو بۆ خەڵک ڕوون کەینەوە! من کرانەوەی ئەو باسانە بە باش دەزانم و حەزیش دەکەم لاپەرەکانی ڕابوردو ڕەخنەگرانە هەڵدەینەوە و خەڵکیش ئاگاداری باس و خواسەکان بکەین و ڕاست بێژانە و ئاشکر بەرەو پیری داهاتوو برۆین.

ڕێبەندانی ساڵی ٢٧٠٤ فوریەی ٢٠٠٤ ئاڵمان

[٦]- پاش شەڕی سێ مانگە و دەرکردنی بەیانی خۆمەینی بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ و دەست پێکردنی دانووستاند لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، دوای یەکەم دانستنی دێموکرات و کۆمەڵە و فەدایی بڕیار وابوو هەر ریکخراوێک بەرنامەی خۆی بۆ خودموختاری پێشکەش بکات. دێموکرات لە ساڵانێک پێشترەوە بەرنامەی خۆی هەبوو، چریک و کۆمەڵە خاوەنی بەرنامە بۆ کوردستان نەبوون. بۆ نووسینی بەرنامە بۆ ڕێگای چارەی سیاسی مەسەلەی کوردستان تەنیا چەند ڕۆژ کات هەبوو. فەداییەکان سێ کەسیان دیاری کرد بۆ نووسینی بەرنامە کە بریتی بوون لە بەرپرسی ڕێکخراوی چریکەکان لە کوردستان جەواد، محەمەد ئەمین شێرخانی و کوردێکی تر. جەواد و کاکە مینە پاشان بە دەستی کۆماری ئیسلامی کوژران. ئەم سێ کەسە دەبوو پاش خوێندنەوەی کتێبەکەی ستالین بە ناوی" مەسەلەی میللی" دەبوو بەرنامە سازمانی فەدایی بۆ کوردستان دیاری بکەن، بۆ ئەو کارەش سێ ڕۆژیان کات هەبوو. بە پێی بڕیاری کۆمەڵە و فەدایی دەبوو پاش ئامادەبوونی ئەم بەرنامەیە نوسخەیەکی بگاتە دەست کۆمەڵە بۆ ئەوە، ئەوانیش بەرنامەی خۆیان دیاری بکەن. ئەم بەرنامەیە لە لایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە تایپ و چاپ کراو درا بە برادەرانی کۆمەلە، هەر ئەو شەوە بەرپرسانی کۆمەڵە و کاک سەلاح موهتەدی بەو کۆپی بەرنامەیەدا هاتبوونەوە، وبەرنامەی خۆیان بە گۆڕینی چەند وشە لێ دەرکێشابوو.

**بۆ دۆستانی کۆمیتەی بانگەواز و بەشدارانی کۆبونەوەی ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣ لە شاری ستۆکهۆڵم**

دۆستانی ئازیز!

ویست و تێکۆشانی ئێوە بۆ گەرم کردنی دیالۆگ لە نێوان هێزەکانی فکری و سیاسی و نیزامی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و حەول بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش کارێکی پێویستی جێگای رێزە. لە سەر ویستی خۆتان بۆچونی خۆمتان بە کورتی پێ رادەگەینم.
لە پێشەکی پلاتفورمەکەدا باس لە جیهانی بوون دەکەن و تەنیا ئیشارە بە لایەنێکی جیهانی بوون(کەوتنە ژێر پرسیاری سەروەری دەوڵەتە نەتەوەییەکان) دەکەن و بەم ئاکامە دەگەن کە کورد دەبێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێ کە بۆچوونێکی دروستە! بەڵام بۆ ئەوە وێنەێکی تەواو لە گلوبالیسم بکێشرێ، پێوستە تاریفێکی هەراوتر لە لایەنەکانی ئابوری, نیزامی, فەرهەنگی, دیپلۆماسی و ستراتێژیکی گلوبالیسم بدرێتە دەستەوە, بۆ ئەوە کورد رۆشنتر بیر لە رۆڵی خۆی وداهاتوی بکاتەوە.
هەر لەو پێوەندیەدا پێویستە وێنەیەکی رۆشنتر لە کورد و وەزعی ئەمرۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بدرێ بە دەستەوە.
لە هەمو پلاتفورمەکەدا باس لە کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و بارودۆخی وەک نەتەوەیەک ناکرێ و بەشی رۆژهەڵات وەک (کوردستانی ئێران)ناودێر دەکرێ و دەکرێتە دیاردەیەکی گرێدراو لە گەڵ بەشەکانی تری جوغرافیای سیاسی ئێران. ئەمە درێژە پێدانە, بە بیری سەدەی بیستەم کە لە ناو ئێمەدا باو بووە و کەمتر لەگەڵ پرۆسەی هاوژینی دیاردە سەربەخۆکان لە سەردەمی بەجیهانی بووندا هاوئاهەنگە.
من پێم وایە ئێمە وەک کەسانێک کە سیاسەتی حزبی ناکەین و بەرنامەی حزبی پێشکەش ناکەین, دەبێ ئانالیزی مێژوویی وسیاسی و...**پیشەی** ئێمە بێ! دارشتنی پرۆژەی سیاسی لە لایەن دەستەیەک رۆشنبیر, ئەویش لە چوارچێوەیەکی سیاسی شێوە حزبیدا, دورکەوتنەوەیە لە جەوهەری رۆشنبیری.
ئێوە دەنووسن: (ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە...) ئەم بۆچوونە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە, لە گەڵ راستیەکان یەک ناگرێتەوە و باسێکی بەلانی کەم بیست ساڵ کۆنەو درێژەی بیری سیاسی سانتریستەکانی ئێرانی چەپی ئەمرۆیە, کە بەشێک لە ئیسلامێەکانی ئۆپۆزسیونی ئێرانییش دەگرێتەوە و داخستنی دەرگای سیاسیە بە سەر کورددا و پێچەوانە کردنی مێژوو و ویستی مێژوویی نەتەوەی کوردە.
- ئێران **سەرزەمینێکی چەند وڵاتەی چەند نەتەوەیە**. نە تەنیا لە باری ئێتنیکی و نەتەوەیی, بەڵکو لەباری گێئۆلۆژیکی و جوغرافیشەوە. سەرزەوی ئێران لە چەند وڵات و چەند نەتەوە پێک هاتووە, کە بە زۆر لە یەک گرێدراوە و ناوی وڵاتێکی بە سەردا داسەپێندراوە.
- ئەم بۆچوونە (ئێران وڵاتی فرە..) ئەمرۆش لە لایەن هێزەکانی ناو حکومەتی ئێران و دەرەوەی حکومەت باس دەکرێ و مەسەلەی کورد لە لایەنی سیاسییەوە دەبەستێتەوە بە حکومەتی رەسمی ئێران و مەسەلەی کورد دەکاتە مەسەلەیەکی ناوخۆیی ناو ئێران و لە مەسەلەیەکی ناونەتەوەیی دوری دەکاتەوە.
– بەلای منەوە ئەوە دروستە, کە نووسراوەکە بە پێناسەکردنی کوردستان دەست پێبکات نە بە پێناسەکردنی ئێران (ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە...)!بەم جۆرە:
[[ کوردستان وڵاتێکە بە مێژوویێکی چەند هەزار ساڵە کە خاوەنەکەی نەتەوەیەکە بە ناوی کورد کە بە هەزاران ساڵە لە سەر سەرزەمینی خۆی نیشتەجێیە. کوردستان لە درێژەی مێژوودا..!
ئەمرۆ وڵات و سەرزەمین و نەتەوەی کورد لە نێوان چوار وڵاتی دەستکردی...دابەش کراوە و...!]]

دۆستانی ئازیز!
-دارشتنی پرۆژەیەک لە سەر بنەمای رازی کردنی فارسەکان لە تاران, ترکەکان لە ئانکارا و یان عەرەبەکان لە بەغدا و دمشق, ئەویش لە لایەن کەسانی رۆشنبیری ناحزبی و شارەزاوە, یاریدەی دروستکردنی کەسایەتی ئینسانی کورد وەک تاکەکانی نەتەوەیەک نادا و پرۆسەی نەتەوەیی لە ژێر ناوی,, فدرالیسم,,دا چەند دەساڵی تر دور دەخرێتەوە.
- من پێم وایە ئێوە بێ هیچ پێچ و پەنایەک, گەرەکە باسی رزگاری یەکجاری کورد و دروستکردنی کیانی سەربەخۆی کوردستان بکەن و فدرالیسم ئەگەر بەشەکانی تری ئێرانیش داواکاری بوون, وەک پرۆژەیەکی کاتی چاو لێبکەن.
نە ئێوە و نە هیچ کەسی دی ناتوانن ئێستا دیاری بکەن کە نەتەوەکانی ناو جوغرافیای ئێران پاش نەمانی رژیمی ئێستا چیان دەوێت. کێ دەتوانێ گارانتی بکات کە لە چەند ساڵی داهاتوودا نەتەوەی ئازەربایجان ویستی تێکەڵ بوون لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان نەهێنێتە گۆرێ! یان عەرەبەکان تێکەڵ وڵاتانی عەرەبی نەبن! یان تورکمان تێکەڵاو تورکمەنستان نەبن و بەلوچەکان لەگەڵ بەلوچەکانی پاکستان وڵاتێک دروست نەکەن! خۆ دور نیە کوردیش ویستێکی وا بێنێتە گۆرێ.
لە سەر هەمان بیری خۆتان کە دەڵێن ,, سەروەری وڵاتان و سنورەکانیان ئیدی موقەدەس نین,, دەکرێ سناریوی جیاواز لە سناریوی,,فدرالیسم,, چارەنووسی ناوچەکە بگۆرێ, چارەنووسێک کە لە بەر دەمی فەلەسین و شوێنی تری ناوچەکەشە.
دۆستانی ئازیز!

من پشتیوانی لە پرۆژەیەک دەکەم کە دیالۆگ لە سەر چارەنووسی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی, یەک پرۆژەی فکری لە چوارچێوەی گلۆبالیسم دا بێ!
لە داهاتوودا لە دیالۆگ لە گەڵ ئێوەدا بیروبۆچونی خۆم فراوانتر باس دەکەم و چاوەڕوانی ئاکامی دانیشتنەکانی ئێوە لە ١٨ی ئۆکتۆبردا دەکەم.
ئاڵمان٩ی ڕەزبەر ٢٧٠٣- ١,١٠,٢٠٠٣ کۆڵن

پاشکۆ

---

پێشنیار بۆ پلاتفۆرمێکی سیاسیی نەتەوەییی بۆ کوردستانی ئێران

ڕەوتی بەجیهانیبوون و ئاڵوگۆڕەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، هەندێ لە پرینسیپە بنچینەییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. لە لایەکەوە، سەروەری دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەم ڕەوتەدا تا ڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، زۆر نەتەوە و کەمایەتی ئێتنیکی خەباتی خۆیان بۆ بەشداری لە دەسەلأتی سیاسی و بەدەسهێنانی سەروەری سیاسی چڕتر کردووە. ئەو دوو ڕەوتە بە ڕواڵەت ناتەبایە، دەستنیشانی ئاراستەیەکی نوێ لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و لە تیۆری سیاسیدا دەکەن و، ئەویش، پێداگرتنە لە سەر ئەم ڕاستییە کە فۆرم و ناوەرۆکی سەروەری سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی (بەتایبەت لە ولأتانی فرە نەتەوەدا) بە هۆی ڕەوتی بە جیهانیبوون، تۆکمەیی جارانی بە هیچ چەشنێ نەماوە و ئێستا مەودای داواکاری بۆ دابەشکردنی سەروەری سیاسی یان بەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی هاسانتر بووە.
ڕەهەندێکی ئەم سیما نوێیەی جیهان و سیاسەتی ئێمڕۆ بە ئاشکرا لە ڕووداوەکانی ئەم سالأنەی دوایی ئوروپا و هەروەها ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا بەدەر دەکەوێت. نەمانی ڕژێمی بەعس، ئەزموونی کوردستانی عێراق و دەستپێکی ڕەوتێکی نوێ لەم بەشەی کوردستان و، هەروەها جموجۆڵی ئەم دواییانە لە ئێران، نیشانەی هەلومەرجێکی نوێ و جیددییە لە ناوچەدا کە جیا لە بەرژەوەندی و ستراتێژی سیاسی و سوپایی ئەمریکا و ویستی دەوڵەتانی ناوچە، مەودایەکی سیاسی و هەلێکی لەباری بۆ جوولأنەوەی کورد خوڵقاندووە.
کەڵکوەرگرتن لەم بارە ناسکە، هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و هۆشیارییەکی سیاسی دەخوازێ و پێویستی بە نزیکبوونەوە و یەکگرتنی خەڵك، هێزە سیاسی و کۆڕوکۆمەڵە کوردییەکانە. بەرنامە و چوارچێوەیەکی فکری مشتومڕکراو، یەکێکە لە مەرجە گرینگەکانی ئەو هەنگاوەیە. بەرنامەیەکی لەم چەشنە دەتوانێ دەوری پێگەیەکی تۆکمەی فکری لە ناوخۆی جوولأنەوەکەماندا بگێڕێ و هەروەها ببێتە ئەمرازێکی سیاسی بۆ داکۆکی لە ئامانجەکانی جولأنەوەی نەتەوەکەمان لە گفتوگۆ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێراندا. بۆ ئەوەی ئەم هەلەمان لە کیس نەچێت، پێویستە سەرەڕای جیاوازی سیاسی و فکری، هەموو هەول و توانایەك بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە تەرخان بکرێت. ئەم یەکگرتن و هاریکارییە، تەنیا کاتێك دەتوانێ دەستکەوتێکی شیاوی هەبێ، کە بنەمای لە سەر تێگەیشتنێکی هاوبەشی فیکری دامەزرابێت و، بۆیەش کارکردن بۆ گەلألەکردنی ئەم بنەما هاوبەشە گرینگییەکی تایبەتی هەیە.
ئێمە لەم هەلومەرجەدا پێمان وایە گەلألەکردنی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی، یەکێکە لە کاریگەرترین شێوازەکانی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە. بەلأم ئەم کارە پێویستی بە هەولێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو هێزە سیاسییەکان، تێکۆشەران، ڕوشنبیران و پسپورانی بواری جیاواز. واتە ئەمە کاری چەند کەس یان تاکە حزبێك نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو دڵسۆزێکی کوردە کە بە گوێرەی توانایی خۆی لە بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجەدا باسك هەڵماڵێ.
ئەم پلاتفۆرمە هەنگاوێکە لەو ڕێبازەدا. مەبەست لەم پلاتفۆرمە خۆشکردنی ڕێگایە بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی جیاواز لەمەڕ ڕەهەندەکانی جوولأنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا بێنە ئاراوە و، هەروەها لە ڕێگای دیالۆگ و گفتگۆیەکی دێمۆکراتیانە، زەمینەی لێك تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی فکری ئامادە بکات. بۆیە ئێمە بە دڵێکی کراوەوە چاوەڕوانی ئەوەین کە دڵسۆزانی گەلەکەمان بە بۆچوونی جیاواز، ڕەخنە و تێبینی لەم پلاتفۆرمە، بۆ گەلألەکردنی پلاتفۆرمێکی لەبار وگونجاوتردا هەنگاو بنێنەوە. لەم چوارچێوەدا ئێمە لەکۆبوونەوەیەکدا (لە ستۆکهۆلمی سوید)، کۆمیتەیەکی کاتیمان پێکهێنا. ئەم کۆمیتەیە هەولی ئەوە دەبێ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانتر بە بەشداری لایەنە جیاوازەکان و کوردەکانی دەرەوەی ولأت پێك بێنێ بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی ئاراستە و پەسند بکات. تا پێکهاتنی ئەم کۆبوونەوە گشتییە هەموو لایەکمان هەول دەدەین کە لە ولأتەکانی دیکەشدا کۆمیتەی هاوشێوە ساز بێت و ببێتە تۆڕێکی نێوسنووری بۆ هاوفکری و تاوتوێکردنی پلاتفۆرمەکە. هەروەها ئێمە هەموو هەولی خۆمان دەدەین کە ئەم پلاتفۆرمە بە شێوەیەکی بەرفرەوان لە ناوەوەی ولأتیش بلأو بێتەوە.

کۆمێتەی ئامادەکاری پلاتفۆرمێکی سیاسی بۆ کوردستانی ئێران

١٨ ئۆکتۆبری٢٠٠٣

## پلاتفۆرم

١. ئێران ولأتێکی فرەنەتەوەیە کە دەسەلأتی سیاسی لەم ولأتەدا هەمیشە شێوەیەکی ناوەندی هەبووە؛ بۆیەش سیستمێکی کۆماریی فێدراڵ لە هەولومەرجی ئێستادا باشترین رێگەی دەستەبەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی، بەدیهێنانی ئامانجەکانی جولأنەوەی کورد و سەقامگیرکردنی دێمۆکراسییە لەم ولأتەدا.
٢. کۆماری فێدراتیڤی ئێران دەبێ لە سەر پێناسەیەکی نوێی سێکولەری ئێرانی دابمەزرێ کە ئەم پێناسە نوێیە دەبێ رەنگدانەوەی ماکە هاوبەشەکانی هەموو دانیشتوانی ئێران بێت، نەك نەتەوەیەکی تایبەت. کۆڵەکەی ئەم پێناسە نوێیە شاروەندێتێکی کۆمارخوازانەیە. ئەوە شاروەندانی ئێرانین کە بە پێناسی نەتەوەیی و ئاینی جیاواز، سەرچاوەی دەسەلأتی سیاسی کۆماری فێدراتیڤی ئێران پێکدێنن.
٣. ئێرانی فێدرال دەبێ لەسەر بنەمای یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە دابمەزرێت. ناوەرۆکی سەرەکی ئەم فێدرالیزمە دابەشکردنی سەروەری سیاسییە لە نێوان کۆمارە جیاوازەکاندا. هەروەها کۆماری فێدراتیڤی ئێران لە سەر پرینسیپی سێکۆلاریزم و جودایی هێزەکانی یاسادانان، کارگێڕی و دادوەری بنیات دەنرێ.
٤. بنەمای کۆماری فێدراتیڤی ئێران لە سەر دەستوورێکی (یاسای بنچینەیی) هاوبەش دەبێت. ئەم دەستوورە دەبێ رەنگدانەوەی بەرژەوەندی هەموو شاروەندانی دانیشتووی ئێران بێت. ناوەرۆکی ئەم دەستوورە لە هەندێ خاڵی گشتی و سەرەکی پێکدێت کە دەستەبەری ئێرانێکی دێمۆکراتی و فێدرال دەکات. ئەم دەستوورە دەبێ مافی دارِشتن و بەجێگەیاندنی کاروباری ناوخۆیی کۆمارە فێدرالەکانی ئێران بدا بە خودی ئەم کۆمارانە. دانانی ئەم دەستوورە، ئەرکی مەجلیسی بالأیە کە لە ژمارەیەکی یەکسانی نوێنەرانی کۆمارەکان پێکدێت. پەسندکردنی هەموو چەشنە بڕیارێك لەم مەجلیسەدا دەبێ دوو لە سێی دەنگەکانی لەگەڵدا بێت.
٥. داهاتی گشتی کۆماری فێدراتیڤی ئێران کە لەلایەن مەجلیسی بالأوە دیاری دەکرێت، دەبێ بە شێوەیەکی عادلأنە و بە لەبەرچاوگرتنی رادەی پێویستی کۆمارەکان دابەش بێت.
٦. بەیاننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی مافی ژن و پیاو دەبێ بەردی بناغەی کۆماری فێدراتیڤی ئێران بێت و مافی هەموو چەشنە ئازادییەکی سیاسی، کۆمەلأیەتی، مەدنی، ئایینی و تاکی بۆ هەموو شاروەندانی ئێران لە دەستووری کۆماری فێدراتیڤی ئێراندا دەستەبەر کرێت.
٧. بە گوێرەی پرینسیپی دابەشینی سەروەری سیاسی، کۆماری کوردستان خۆی لە چوارچێوەی خاکی کوردستاندا بڕیاردەری سەرەکی دەبێت. لە دیاریکردنی سنووری کۆماری کوردستاندا دەبێ جۆگرافیا و مێژووی دانیشتوانی ئەم کۆمارە لەبەر چاو بگرترێ، بەلأم لە دوایین لێکدانەوەدا ئەوە دانیشتوانی خودی ئەم ناوچانەن کە لەسەر سنووری ئەم کۆمارە لە رێفراندۆمێکدا بڕیار دەدەن.
٨. ئازادی و دێمۆکراسی بەبێ راگرتنی هاوسەنگییەك لەگەڵ دادپەروەری کۆمەلأیەتی مومکین نییە و بۆیەش ئەرکێکی سەرەکی کۆماری کوردستان دەبێ دابینکردنی ئیمکاناتی پەروەردە، تەندروستی، خانووبەرە، کار و ئیمکاناتی فەرهەنگی و کولتوری بێت بۆ هەموو شاروەندانی کوردستان، بەتایبەت بۆ توێژە هەژار و دەستنەرۆیشتووەکان. ئەم ئامانجانە کاتێ دەتوانن بەدی بێن کە کۆماری کوردستان بتوانێ هەولی گەشەسەندی ئابووری و پەرەسەندی دێمۆکراسی لە ولأتدا بە دوو ماکی هاورێك و هاوتەریبی گەشەسەندنی کۆمەلأیەتی بزانێ.
٩. کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەرفرەوان پێشمەرجێکی سەرەکی دێمۆکراسییە. بۆیە کۆماری کوردستان دەبێ بەگوێرەی بنەمایەکی یاسایی رێگا بۆ بەشداری چالاکانە و راستەوخۆی خەڵکی کورد لە کاروباری سیاسیدا خۆش بکات. لە کۆماری کوردستاندا ئەوە خەڵکن کە لە رێگای پارت، دامەزراوە و کۆڕوکۆمەڵە سیاسی، کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و چالاکی تاکی خۆیانەوە، سەرچاوەی دەسەلأتی سیاسی کۆماری کوردستان پێکدێنن.
١٠. لە کۆماری کوردستاندا دەبێ ڕێگا بە هەموو چەشنە خەباتێکی سیاسی ناچەکداری، بۆ دەربڕینی رەخنە، بیروڕا و هەڵوێستی جیاواز بدرێت. کۆماری کوردستان دەبێ لە گەڵ فەرهەنگی توندوتیژی لە هەموو بوارەکاندا بەرەنگاری بکات و مافی ئێعدام هەڵوەشێتەوە.
١١. لە کۆماری کوردستاندا دەبێ هەموو چەشنە جیاکارییەك لە نێوان ژنان و پیاواندا لاچێت و ژنان خاوەنی مافی یەکسانی سیاسی، کۆمەلأیەتی، فەرهەنگی و مەدەنی و تاکی لە گەڵ پیاواندا بن. بنەمای مافی ژنان لە کوردستاندا لەسەر پرینسیپەکانی "رێککەوتنامەی نێونەتەوەیی بۆ لابردنی هەموو چەشنە جیاکارییەك دژ بە ژنان" دەبێت و کۆماری کوردستان دەبێ بە هەموو شێوەیەك ستەم و زوڵمی حکومەتی ئیسلامی قەرەبوو کاتەوە و بە جددی بەرەنگاری نەریتی پیاوسالارانەی کۆمەڵگای کوردی بکات.
١٢. لە کۆماری کوردستاندا هەموو کەسێك وەك تاك، بە گوێرەی لێهاتووی شەخسییەوە بەرپرسێتی وەردەگرێت و هیچ بنەمایەکی ئێتنیکی، ئایینی، حزبی و خێزانی نابێ پێوەر و پێوانەبێت بۆ دامەزراندن و ئەرك پێسپاردن.
١٣. کۆماری کوردستان دەبێ سەرنجێکی تایبەتی بە سیاسەتی ژینگە بدات و، پاراستنی سروشت و ژینگە بە ئەرکێکی گرینگی خۆی بزانێ.

بۆ ناردنی رەخنە و پێشنیارەکانتان بەم ناونیشانەی خوارەوە پێوەندیمان پێوە بکەن:
bangewaz@hotmail.com